Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

رِاپۆرتی پەروەردە

نیـــسان

2016

# پەروەردە و زمان: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانەی کتێبەکانی "خوێندنی/خوێندنەوەی کوردی"ی بنەڕەتی

بیرۆکەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتادا بریتی بوو لە گەڕان بە شوێن تۆوە سەرەکییەکانی ئەو ناسنامانەی لە ئاکامی خوێندنی دەقەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا بەرهەم دێن. بە واتایەکی تر، مەبەستی بەرایی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدانێکی ئاکادێمییانە بوو بە دۆزینەوەی پرسیاری ناسنامەیی لە ئاکامی خوێندنی بنەڕەتی لە کوردستان.

دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە

info@irdk.org

+964 66 257 6001

Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq

www.irdk.org

EDUCATION

"Education is the most powerful weapon you can choose to change the world."
Nelson Mandela

**"پەروەردە بەهێزترین چەکە کە مرۆڤ دەتوانی بۆ گۆڕینی جیهان بەکاری بێنێت."**
**نێلسۆن ماندێلا**

## ١. پێشەکی

بیرۆکەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتادا بریتی بوو لە گەڕان بە شوێن تۆوە سەرەکییەکانی ئەو ناسنامانەی لە ئاکامی خوێندنی دەقەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە خوێندنگەکانی کوردستاندا بەرهەم دێن. بە واتایەکی تر، مەبەستی بەرایی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدانێکی ئاکادێمییانە بوو بە دۆزینەوەی پرسیاری ناسنامەیی لە ئاکامی خوێندنی بنەڕەتی لە کوردستان. دەمویست بزانم دەقەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکاندا چ ناسنامەگەلێکی نەتەوەیی و جێندەری، و بە چ شێوەیەک بەرهەم دێنن. گریمانەی لێکۆڵینەوەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دامەزرابوو کە دەقگەلی خوێندنی زمان لە دەورەی خوێندنی بنەڕەتیدا کارتێکەرییەکی بڕیاردەریان لەسەر سازبوون و ئاراستەکردنی کەسایەتیی منداڵاندا هەیە و دواجار خوێندکاران، بە پلەی یەکەم، بەرهەمی ئەو دەقانەن کە دەیانخوێنن. دوای خوێندنەوەی وردی کتێبەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، بەو ئاکامە گەیشتم کە پرسی سەرەکیتر لەم پێوەندییەدا ئاستی زۆر نزم و شێواوی ڕێزمانی و ڕێنووسیی ئەو کتێبانەیە کە کارتێکەرییەکی یەکجار تێکدەرانەی لەسەر توانایی تێگەیشتنی خوێندکاران دەبێت. لە ئاکامدا بڕیارم دا لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە، بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تەرخان کەم بە لایەنی شێوازی، ڕێنووسی و ڕێزمانیی کتێبەکان و بەشی ناسنامەی نەتەوەیی و جێندەریی باسەکە بکەمە هەوێنی لێکۆڵینەوە و وتارێکی تر.

## ٢. گرنگیی باس

یەک لەو بوارانەی بەردەوام لە کوردستاندا گلەیی لێدەکرێت و زۆر بە دەگمەن کۆدەنگیی لەسەرە، ڕێنووسی زمانی کوردی بە ئەلفبێی ئارامی یاخود عەرەبییە.[1] مرۆڤ زۆر کەم هاودەنگیی چەند نووسەر و پسپۆڕی بواری زمانی کوردی لەسەر ڕێنووسی کوردی دەبینێت. تاوانبارکردنی یەکتر بە نەزانینی نووسین بە کوردی، شتێکی زۆر باوە و بە بەردەوامی لە کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواریدا دەبیسترێت.[2] دوای خوێندنەوەی وردی کتێبەکانی "خوێندنەوە/خوێندنی کوردی"ی پۆلی یەکەم تا شەشەمی خوێندنی بنەڕەتی، بۆم دەرکەوت کە کێشەی سەرەکیی هەر لێرەوە دەست پێدەکات. لەم کتێبانەدا شێواز و سەلیقەی جۆربەجۆر واها تێکەڵ بوونە، کە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دێت و لە خۆی دەپرسێت ئەگەر ئەم ڕەوتە هەر ئاوا درێژەی هەبێت، داهاتووی زمانی کوردی و نووسین بە کوردی و لەیەکتر تێگەیشتنی کوردەکان چ چارەنووسێکی دەبێت؟ ئەگەر خوێندنی بنەڕەتی، ئەو قۆناغە هەستیار و گرنگەی ژیانی مرۆڤەکان بێت کە داهاتوویانی تێدا بونیاد دەندرێت، دەبێ چ داهاتوویەکی زمانی و زانستی لە چاوەڕوانی خوێندکارانی ئێستا و بەڕێوەبەرانی سبەی کوردستاندا بێت؟ ئەگەر مرۆڤ ئاوڕێک لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی بیریارە مەزنەکانی سەدەی بیستەم لەمەڕ گرنگیی زمان لە داڕشتن و گۆشدانی کەسایەتیی مرۆڤ، بداتەوە و بیر و بۆچوونەکانی کەسانێکی وەک مارتین هایدگر و ژاک لاکان بەسەر کاتەوە، دەبینێت کە گرنگیی قۆناخی فێربوونی نووسین و خوێندنەوە چەندە بڕیاردەرە لە کەسایەتیی و بوونی مرۆڤدا. ئەگەر بوونی مرۆڤ شتێک نەبێت جگە لە زمان، و زمان ماڵی بوون بێت و دواجار مرۆڤ لە دەرەوەی زماندا وەک نەبوو وابێت، ئەوە دەبێ بەبێ هیچ شک و دڕدۆنگییەک هەموو ئەزموونەکانی فێرکردنی نووسین و خوێندنەوەی زمان بە شێوەیەکی دروست لەوپەڕی وشیاریی و زاناییدا ڕەچاو بکرێت. تەرخانکردنی کتێبگەلی گرنگ و سەرەکی بە شێوازی نووسین و داڕشتنی زمان لە وڵاتان و فەرهەنگگەلی پێشکەوتوودا نیشان دەدات کە چۆن ئەو بابەتە گرنگە خراوەتە چەقی بوار و پلانی پەروەردە و مرۆڤسازییەوە. بۆ نموونە لە وڵاتی سوید، بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەست بۆ نووسین دەبەن، کتێبی یاساکانی نووسینی سویدی، کتێبێکی ناسراو و دانپێداهێنراوە. ئەم کتێبە کە لەلایەن شورای زمانی سویدییەوە ئامادە کراوە، بە بەردەوامی چاپ و نوێ دەکرێتەوە و شتگەلی تازەی لێ زیاد دەکرێت. شێوازی داڕشتن و نووسینەوەی ئەم کتێبە و دیققەتی یەکجار زۆری ناو کتێبەکە هیچی لە کتێبگەلی یاسایی کەمتر نییە. ئەم کتێبە

وەک دواسەرچاوە و لێگەڕی (reference) زمانی بەحیسێب دێت و هەموو کێشە و پرسێکی نووسینی زمان لەسەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی ئەم کتێبە چارەسەر دەکرێن. لە هەموو چاپە نوێیەکانی ئەم کتێبەدا ئادرێسی پێوەندیی تەلەفۆنی و هەروەها ئیمەیلی شورای زمان نووسراوە و داوا لە خوێنەران دەکرێت کە هەموو پرسیارێکی سەبارەت کتێبەکە ئاراستەی شورای زمان بکردرێت.[3]

لە زمانی ئینگلیسییشدا سەرجاوەی زۆر لەم بارەوە هەن. یاساکانی نووسینی زانکۆ ناودارەکانی وکو ئاکسفۆرد، کەمبریج، هارڤارد و ... بە بەردەوامی چاپ دەکرێنەوە و وەک سەرچاوەی شێواز و چلۆنایەتیی نووسین سەیر دەکردرێن. ئاکادێمیای زمان لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەرکی بەرهەمهێنانی کتێبگەلێک سەبارەت بە یاساکانی نووسینی لە ئەستۆیە و هەموو بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی بەشی پەروەردە، لە یاساکانی ئەم ناوەندانە پەیڕەوی دەکەن. یەک لە سەرچاوەکانی باوەڕپێکراوی نووسین لە زمانی ئینگلیسیدا، **"کتێبی شین"ە**. ئەم کتێبە شوێنێکی سەرەکی و تایبەتی لە دەستنیشانکردن و ئاراستەکردنی شێواز و چلۆنایەتیی نووسیندا هەیە.[4]

## ١,٢. گرنگیی ڕێنووسی یەکگرتوو

ئەگەر مرۆڤ لە کاتی ئاخافتندا بە شێوەگەلی جیاواز هەوڵی گەیاندنی پەیامەکەی خۆی بە لایەنی بەرامبەری دەدات، ئەوە لە کاتی نووسیندا تەنیا بە هۆی نیشانە و ڕێساکانی نووسینەوەیە کە ئەم ئامانجە دەپێکرێت. بە واتایەکی تر، مرۆڤ لە کاتی ئاخافتند، بە بەرز و نزمکردنەوەی دەنگ و گۆڕینی تۆنی قسەکردن و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە دەست و جووڵەی دەموچاوی، هەوڵ دەدات لایەنی بەرامبەر لە پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت. لە کاتی نووسیندا ئەم دەرفەتانە لەکیس دەچن و ئەوە تەنیا نیشانەگەلی نووسینی سەر کاغەزن کە یارمەتیدەری خوێنەرن کە لە مەبەست و پەیامی دەقێک بە دروستی تێبگات. گرنگیی نووسین وەک پێشفەرزێکی بنەمایی بۆ لێکتێگەیشتن ئەوەندە سەرەکییە کە هێندێک بیریار دەیخەنە پێش گرنگیی دەنگ لە پێوەندیکردندا.[5] یەکگرتویی و شێلگیریی لە دەکارهێنانی نیشانەکانی نووسین، یارمەتیدەری هاسانکردنەوەی تێگەیشتنی خوێنەری دەقن. هەر ترازان و دابڕانێک لە ڕەچاوگرتنی یاسا و ڕێساکانی نووسین، دەبن بە هۆکاری خستنەوەی کۆسپ و لەمپەر لەسەر ڕێگای تێگەیشتنی دروستی مرۆڤ لە دەق. لەبەرچاوگرتنی بیروڕای تازەی باو لەسەر فرەمانایی دەق، لە نەبوونی نیشانەکانی نووسیندا هێندەی تر بەستێنی چەندمانایی دەق بەرفراوانتر دەکاتەوە و بواری تێگەیشتن ئەستەمتر دەکات. دەکارهێنانی نیشانەکانی نووسین دەکەوێتە چوارچێوەی بواری خاڵبەندی. شێوازی دەکارهێنان و ڕیزکردنی پیتەکانی ئەلفبێی زمانێکی دیاریکراو لە نووسیندا، دەبێتە بوارێک کە بە ڕینووسی (orthography) ناوزەد دەکرێ. کۆکبوون لەسەر ڕێساکانی نووسین لە هەر زمانێکدا، پێشمەرتی هەبوونی زمانێکی ستاندارده لە بواری ڕێنووسەوە.

## ٣. چوارچێوەی تیۆریک

چوارچێوەی تیۆریکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پلەی یەکەمدا ئەوەیە کە نووسین لە هەر زمانێکدا دەبێ پەیڕەوی لە کۆمەڵێک یاسای ڕێنووسی (orthographic) بکات. لەڕاستیدا ئەم ڕێسایانە ئاکامی پرۆسەیەکی دوور و درێژی ساغبوونەوەی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراوە لە چلۆنایەتیی ڕەچاوکردنی شێوازی نووسین. ئەگەرچی زمانگەلی جیاواز خاوەنی ئەلفبێی جیاوازن، بەڵام لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا باوەڕ بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای گرامێری (grammatical) هەیە کە ڕەچاوکردنیان دەبێتە هۆکاری تێگەیشتنی خوێنەران لە دەقگەلی نووسراو. پێشمەرتی تێگەیشتن لە دەقێک بریتییە لەئامادەبوونی ڕێساگەلی دیاریکراوی ڕێنووسی و هەروەها خاڵبەندییەکی دروست لە نووسیندا. گریمانەی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە لە دەورەی خوێندنی بنەڕەتیدا خوێندکار فێری شێوازی دروستی نووسین دەکرێت. بە پێداچوونەوەی وردی کتێبەکانی دەورەی خوێندنی بنەڕەتی، مرۆڤ دەبینێت کە ئەم گریمانەیە دروست نییە و ئەم کتێبانە پڕن لە هەڵەی جۆراجۆری زمانی و ڕێنووسی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو سەرچاوەی سەرەکیی لایەنە نۆرماتیڤەکانی ڕێزمانی پێک دێنن. کتێبی یەکەم بەرهەمی "ئەنجومەنی زمان"ی سویدە کە سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ یاسا و ڕێسای نووسین بە زمانی

سویدی. ئەگەرچی ئەم کتێبە تایبەتە بە زمانی سویدی، بەڵام بەشی زۆری کتێبەکە لایەنی یونیڤێرساڵی هەیە و وەک بواری گشتیی گرامێر و نووسین، دەکرێ بۆ زمانی کوردییش پشتی پێببەسترێت.[6] هەروەها کتێبی شینی ڕێزمان و خاڵبەندی لە نووسینی جەین ستراوس کە بە وردەکارییەکی زۆرەوە لە بابەتی ڕێنووس و ڕێزمان دەکۆڵێتەوە و لە پێناسەکردنی نیشانەکانی نووسیندا کۆمەڵێک نۆڕمی گشتی و تایبەت ئاراستە دەکات، سەرچاوەیەکی تری ئەم نووسینەیە.[7]

## ٤. پرسیارە سەرەکییەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت ڕێنووس و خاڵبەندی لە کتێبەکانی فێرکردنی زمانی کوردی لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتیدا لە کوردستان. گرنگترین پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە: لە دەورەی خوێندنی بنەڕەتیدا چ ستراتیژییەکی فێرکردن بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی ڕەچاو دەکرێت؟ کتێبەکانی فێرکردنی زمانی کوردی چەندە لە ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێساکانی ڕێنووسی کوردیدا شێلگیرن؟ ئەم کتێبانە چەندە یەکدەستن و چەندە هەوڵی جێگیرکردنی ڕێنووسێکی یەکگرتوو دەدەن؟ بۆ دەرچوون لە کارکردە نەرێنییەکانی هەڵە ڕێزمانی و ڕینووسییەکانی ئەم کتێبانە دەبێ چ بکرێت؟ خاڵبەندی لەو کتێبانەدا چۆنە و چەندە ڕەچاو کراوە؟

## ٥. شێواز و سنوورەکانی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخان کراوە بە کتێبەکانی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی زمانی کوردی لە دەورەی بنەڕەتی لە باشووری کوردستان. نوێترین کتێبگەلی خوێندنی کوردیی پۆلی یەک تا شەشەمی خوێندنی بنەڕەتی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کەرەسەی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە پێک دێنن. تەرکیزی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە لەسەر لایەنی خاڵبەندی و ڕێنووسی کتێبەکانە و لایەنی زانستی و پێداگۆگییانەی کتێبەکان، دەبێ بابەتی لێکۆڵینەوەی تر بێت.

لە بواری شێوازییەوە دەبێ بڵێم کە دوای خوێندنەوەی وردی هەر کتێبێک، کەموکورتی و هەڵە ڕێنووسی و خاڵبەندییەکان دەستنیشان دەکرێن و دواتر هەوڵ دەدەم هەڵە ڕێنووسییەکان پۆلێن بکەم. لەبەر زۆریی هەڵەکان، ناکرێت هەموو هەڵەکان لەو وتارەدا ڕیز بکرێن و تەنیا هێندێک لە هەڵە نموونەییەکان (typical) لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێت. لەڕاستیدا، مەبەستی ئەم وتارە ئەوە نییە کە ڕۆڵی هەڵەنامەیەک بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەکان ببینێت. مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە، بەر لە هەر شتێک، دەستنیشانکردنی کاتێگۆرییانەی هەڵەکانە بۆ وەبیرهێنانەوەی بەرپرسانی نووسین، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان، بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا بە کتێبەکاندا بچنەوە و هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە. بە مەبەستی تیشکخستنە سەر کارکردی نیشانەکانی خاڵبەندی، لە سەرەتای هەر باسێکدا پێناسەیەکی گشتی لەسەر نیشانەکان پێشکەش دەکرێت و دواتر چلۆنایەتیی دەکارهێنانی نیشانەکان لە کتێبەکانی خوێندنی کوردیی دەورەی بنەڕەتیدا، باس دەکرێت.

## ٦. خاڵبەندی

خاڵبەندی (punctuation) بریتییە لە دەکارهێنانی کۆمەڵێک نیشانە لە کۆتایی ڕستە و هەروەها نێو ڕستە لە نووسیندا. مەبەستی سەرەکیی خاڵبەندیی شتێک نییە جگە لە هاسانکاری لە گەیاندنی پەیام و دەستەبەرکردنی تێگەیشتنی بەردەنگ لە پەیامی دەق.

### ١,٦. گرنگیی خاڵبەندی

مرۆڤەکان لە کاتی ئاخافتندا بە یارمەتیی کۆمەڵێک نیشانەی دەنگی و جەستەیی، بواری گەیاندنی پەیام ڕوونتر و دەوڵەمەندتر دەکەن. بەرز و نزمکردنەوەی دەنگ، ئاماژەکانی دەست و چاوبرۆ و بەشەکانی تری جەستە، یارمەتیدەر دەبن بۆ پێوەندییەکی کاراتر لەنێوان ئاخێوەر و گوێگردا. بەڵام لە نووسیندا ئەو دەرفەتانە لە ئارادا نامێنێت و ئەوە تەنیا کۆمەڵێک پیت و نیشانەی نووسینن کە هەڵگری پەیامی نووسەرن و خوێنەر تەنیا بە هۆی

بینینی نیشانەکانەوە دەبێتە وەرگری پەیام. هەڵبەت بۆ نابینایان لەجیاتی بینین، ئەوە هەستی لەمسی پیتەکانە کە ئەم ئامانجە دەپێکێت. ئەگەر نیشانەکانی خاڵبەندیی بەپێی تاریف و پێناسەیەکی ڕوون و جێگرتوو دەکار نەیەن، وەرگرتنی پەیام دەبێتە شتێکی ئەستەم و لەمپەر دەکەوێتە بەردەم تێگەیشتنی بەردەنگ لە دەق.

## ٦,٢. خاڵبەندیی کۆتایی ڕستە

بە هۆی کۆمەڵێک نیشانەی تایبەتەوە، خوێنەر لە بە کۆتاییگەیشتنی ڕستە ئاگادار دەکرێتەوە. لەڕاستیدا، ئەوە خاڵ و نیشانەی کۆتایی ڕستەیە کە بە خوێنەر دەڵێت چ دەگوترێ و مەبەستی ڕستەکە چییە. ئەو نیشانانە بریتین لە خاڵ (.)، نیشانەی پرسیار (؟)، نیشانەی سەرسوڕمان (!) و نیشانەی جووتخاڵ (:).

### ٦,٢,١. خاڵی کۆتایی ڕستە (.)

هەر ڕستەیەک گوزارە لە دەرکاندن و دەربڕینی بیر و باوەڕێک دەکات و بە خاڵێک کۆتایی دێت. دانانی خاڵی کۆتایی بە وشەی بەر لەخۆیەوە دلکێت و نابێ لەنێوان وشەی کۆتایی ڕستە و خاڵی کۆتاییدا بۆشاییەک هەبێت. هەبوونی بۆشایی وادەکات کە هەر خاڵێک وەک یەک وشە لە کۆی دەقەکەدا بژمێردرێت و لەبەر ئەوەی نیشانەکان وەک وشەیەکی سەربەخۆ سەیر ناکرێن، دەبێ بە بەردەوامی بە وشەی پێش خۆیانەوە بلکێندرێن و دوای بۆشاییەک ڕستەی نوێ دەست پێبکات.

خاڵی کۆتایی ڕستە دەبێ بە شێوەیەکی شێلگیر دابندرێت و هیچ ڕستەیەک ناتوانێ لەم ڕێسایە ڕیزپەڕ بێت، جگە لە دێڕەکانی شیعر، بەتایبەتی شیعری کلاسیک کە ئەگەر وەک ڕستەش بن، خاڵی کۆتاییان بۆ دانانادرێت. لە کۆتایی دوو ڕستەی یەکەمی شیعرێک، هیچ خاڵێک دانەندراوە. ئەمە ئەگەر بۆ شیعر شتێکی شیاو بێت، مرۆڤ نازانێ بۆ لە دوای دوو دێڕی کۆتایی شیعرەکەدا خاڵ داندراوە.

“قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە
[...]
قوتابخانە زۆر خۆشە
مەڵبەندی بیر و هۆشە.”[8]

ڕستە دەبێت هەڵگری مانایەکی تەواو بێت. ئەگەر ڕستە مانایەکی تەواوی نەبێت دەبێتە هۆکاری چاوەڕوانیی بەردەنگ بۆ تەواوکردنی ڕستەکە. ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستەیە بدەین، دەبینین کە مانایەکی تەواو بەدەستەوە نادات. “بۆ ئەوەی دایک و باوک و خوشک و برا و مامۆسا و هاوڕێکانمان باوەڕمان پێ بکەن و هاوکاریمان بکەن.”[9] ئەم ڕستەیە ناتەواوە و هۆکارەکەشی تەنیا و تەنیا نەبوونی پێوەرە بۆ خاڵبەندی. وێدەچێت نووسەر پێیوابێ کە ئەم ڕستەیە لە چوارچێوە و درێژەی دەقەکەدا مانا دەبەخشێت، بەڵام دەبێ لەبیرمان بێت هەر ڕستەیەک لە هەر دەقێکدا، دەبێ بەتەنیای و بە شێوەیەکی سەربەخۆ مانایەکی تەواوی هەبێت.

وەک پێشتر باسم کرد، خاڵی کۆتایی ڕستە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێت و بۆشایی ناوێت. کاتێک خاڵی کۆتایی ڕستەکان دوای بۆشاییەک یان تەنانەت دوو بۆشایی دێن، مرۆڤ تێدەگات کە لە نووسینی کتێبەکاندا ڕێساکانی خاڵبەندی لەبەر چاو نەگیراون و بەم کارەش خوێندکار لە دیققەتی نووسین بێبەری دەبێت و فێری نەریتێکی نادروست دەکرێت.[10] سەیر ئەوەیە هێندێکجار هیچ خاڵێک لە کۆتایی ڕستەدا داناندرێت و ئەگەریش دابندرێت، دوای یەک بۆشایی دادەندرێت.[11]

وانەی گرنگی "کۆماری کوردستان" کە دوور و درێژە و دوو لاپەڕەیە، تژییە لە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی. “دوای ئەوەی قازی محەمەد بەسەر کۆمار هاتە هەڵبژاردن، ئەویش کەوتە ڕاوێژکردن بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لە سێزدە وەزیر پێکهاتبوو.”[12] لەبەرچاونەگرتنی بۆشایی نێوان وشەکان، بووەتە هۆی هەڵەی سەیر. “بەسەر کۆمار"؟ "هاتە هەڵبژاردن"؟ ڕەنگە بگوترێت ئەمە تێکهەڵکێشکردنی زاراوەکانە. بەڵام ئایا ئەم کارە بەم شێوەیە دەکرێت؟ وانەی لەسەر شێخ سەعیدی پیران گرنگە بۆ شارەزاکردنی خوێندکاران لەگەڵ شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا. بەڵام داڕشتنی دەقەکە هێندە نالەبارە کە مرۆڤ ئەم

دەرسە گرنگەی لا قورس دەبێت. دەقێکی درێژی یەک لاپەڕەیی تەنیا بریتییە لە ٥ ڕستەی درێژ. تێگەیشتن لەو ڕستە درێژانە تەنانەت بۆ خوێنەری بە ئەزموون کارێکی ساکار نییە، چە دەگا بە خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی.[13]

لە کتێبی پۆلی شەشەمدا ڕێژەی دەقی نووسراو زیاتر دەبێت و هەر بەو ڕێژەیەش ژمارەی هەڵەی خاڵبەندی ڕوو لە زیادبوون دەکات. بۆ نموونە **لە ڕاهێنانێکدا داوا لە خوێندکار دەکرێت "لەم نووسینەی خوارەوەدا چوار ڕستە دەربهێنە :" ئەگەر بەپێی پێناسەی ڕستە لە لاپەڕەی ٦ی ئەم کتێبەدا ئەم کارە بکەین، دەقەکە سەرەڕای درێژبوونی (١٢ دێڕ) تەنیا سێ ڕستەیە. کاتێک نووسەرانی ئەم کتێبە دەڵێن کە "ڕستە چەند وشەیەکە پێکەوە واتایەکی تەواویان هەیە و بە هێمایەکی گونجاو ["خاڵ ، نیشانەی پرس، سەرسوڕمان"] کۆتایی دێت."، و لەم دەقە درێژەدا تەنیا سێ خاڵ هەیە و دوو نیشانەکەی تر لە دەقەکەدا نین، ئیتر مرۆڤ نازانێ بۆ پرسیاری دەستنیشانکردنی چوار ڕستە کراوە؟** [14] **هێندێجار** بێسەرەوبەرەیی ڕستەسازی و خاڵبەندی هەر لە سنووری زمانی دەچێتە دەر و دەبێت بە دیاردەیەکی هەرەمەکی کە تێیدا ڕستەسازی هەموو بنەماکانی خۆی لەدەست دەدات: "نەجمەدین مەلا دوژمنی نەخوێندەواری بووە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری زۆر هەوڵیداوە و بۆ ئەم مەبەستە قوتابخانەیەکی بچووکی لە سلێمانی لەسەر شەقامی سابونکەران بەناوی (قوتابخانەی کەشتی نوح)ەوە دامەزراندووە، دژی نەخوێندەواری دەستی بە خەباتێکی بێوچان کرد لە ماوەی چل ساڵدا نزیکەی حەوت هەزار کەسی لە چنگ نەخوێندەواری ڕزگارکرد."[15] ئەم دەقە لە بواری زەمەنییشەوە خاوەنی هارمۆنی نییە و کردارەکان لە زەمەنی جیاوازدا گەردان کراون. بە خاڵبەندییەکی دروست دەکرێ ئەم ڕستە درێژە بکرێتە چەند ڕستە و کاری تێگەیشتن زۆر هاسانتر بکرێت. بێدیققەتی هەندێجار لە نووسینەوە تێدەپەڕێت و تەنانەت لە وێنەکانیشدا خۆی دەنوێنێت. کاتێک دەبینین کە نیشانەی چرای ترافیک بە شێوەیەکی هەڵە ڕەنگ کراوە و لەجیاتی ئەوەی ڕەنگی زەرد لە ناوەڕاستێ بێت، لە خوارێ داندراوە، لە بێدیققەتی دانەرانی کتێبەکە زیاتر دڵنیا دەبینەوە.[16]

هێندێک ڕستەی درێژ ئەوەندە هەڵەیان تێدایە کە هەرگیز ناتوانێ خوێندکار فێری ڕستەنووسینی دروست بکات. "لێژنەیەکی سیاسی بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بەناوی (لیژنەی ئازادی) بە سەرۆکایەتی خۆی دامەزراندووە، لەو شۆڕشە دوای چەند شەڕو ئاگر بەست، لەبەر نا هاوسەنگی چەک و هێزی شەڕکەر لەگەڵ حکومەتی عیراق، لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینیدا بارزانی و جەنگاوەران و خاوخێزانیان چوونە ناو کوردستانی ئێران و کەوتنە پاڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشدارییان لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان کرد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ی زایینی ڕاگەیانراو، بارزانی بووە سەرکردەی سوپای پارێزگاری ئەو کۆمارە ساوایەی کورد و پلەی ژەنەڕاڵی پێدرا."[17] مرۆڤ دەتوانێ بپرسێت، بۆچی "لێژنەی ئازادی" خراوەتە ناو کەوانەوە؟ بۆ کەوانەی داخستن بە بۆشاییەوە هاتووە؟ "ئاگر بەست" یەک وشەیە و نابێ بە بۆشاییەوە بنووسرێت. "نا هاوسەنگی" یەک وشەیە و دەبێ "ی"ی پێوەندی هەبێت و ببێت بە "ناهاوسەنگیی چەک". داڕشتنی ئەم پاراگرافە لەگەڵ زمانی ئاخافتندا زۆر جیاوازیی نییە. سەرەڕای درێژیی زۆری ڕستەکە، تەنیا دوای چەندین دێڕ خاڵێکی کۆتایی دادەندرێت و ئەویش دوای بۆشاییەک و بێئەوەی بە وشەی بەر لە خۆیەوە بلکێندرێت.

## ٢,٢,٦. نیشانەی پرسیار (؟)

کاتێک مەبەست لە دەربڕینی ڕستەیەک ئاراستەکردنی پرسیارێک لە بەردەنگ بێت، دەبێ ڕستەکە بە نیشانەی پرسیار کۆتایی پێبێت. تەنانەت ئەگەر لە دەربڕینی وشەیەکیشدا مەبەست ئاراستەکردنی پرسیار بێت، دەبێ دوای وشەکە نیشانەی پرسیار دابندرێت. ڕستەیەک کە سەرەتاکەی هەڵگری وشەیەک بێت کە نیشانەری پرسیارکردنە، بۆ نموونە، ئایا، تۆ بڵێی، بە باوەڕی تۆ، ...، دەبێ بە نیشانەی پرسیار کۆتایی بێت.

لە دەقی کتێبەکاندا زۆر جار نیشانەی پرسیار بە شێوەیەکی ناستاندارد دەکار هاتووە. بۆ نموونە: لە لاپەڕەی ١١٣ی کتێبی پۆلی یەکەمدا نووسراوە: "ناوی وێنەکان بڵێ؟" مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ بزانێت مەبەست لە نیشانەی پرسیار لێرەدا چییە. "قوتابی خۆشەویست، ئەم مرۆڤانە چ کارەن لە بۆشاییەکاندا بیانووسە

سەبارەت ئەم ڕستەیە دەکرێت ئاماژە بە ئەم خاڵانە بکرێت: ١. "یای پێوەندی بۆ قوتابی نەنووسراوە. لە لاپەڕەی ٣٠ هەمان کتێبدا یای پێوەندی بۆ "قوتابی" نووسراوە. جاری وایە مرۆڤ هەست دەکات هەر لاپەڕەیەکی ئەم کتێبانە بەدەست کەسێکەوە نووسرا بێت و دواتر هیچ پێداچوونەوەیەکی هاوبەشیان بە دەقەکاندا نەکردبێت. ٢. دەکارهێنانی ئاوەڵناوی "خۆشەویست" لەو ڕستەیەدا بۆ خوێندکار یاخود قوتابی، زۆر لەجێی خۆیدا نییە. لێرەدا مامۆستا داوا لە خوێندکار دەکات و شێواز دەبێ زۆر ڕەسمی و پیشەیی (professional) بێت. ٣. دوای ڕستەی تەواوی "ئەم مرۆڤانە چ کارەن"، دەبێ نیشانەی پرسیار دەکار هاتبوایە. ئەگینا دەکرا پرسیارەکە بە شێوازێکی تر نووسرابوایە. ٤. "بیانووسە" هەڵەیە و دەبێ "بیاننووسە" بێ. سەیر ئەوەیە لە لاپەڕەی ٤٥ی ئەو کتێبەدا، ڕستەیەکی هاوشێوە جۆرێکی تر نووسراوە و بێئەوەی پێویست بە نیشانەی پرسیار بێت، نیشانەی پرسیاری بۆ داندراوە. "قوتابیی خۆشەویست، ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە؟" لێرە هیچ پێویستییەک بە نیشانەی پرسیار نییە. کرداری "بکەرەوە"ش زۆر ناوچەییانەیە و پێشتر هەر لەو کتێبەدا لە لاپەڕەی ٣٠ کرداری "پڕ بکەوە" دەکار هاتووە و مرۆڤ نازانێ بۆ لێرەدا کردارێکی تر دەکار هاتووە. ڕستەیەک، تەنیا دەبێ یەک نیشانەی کۆتایی هەبێت. کاتێک دەبینین لە کۆتایی ڕستەیەکدا دوو جۆرە نیشانەی کۆتایی هەیە، ئەوە دەزانین کە دە نووسینی ڕستەکەدا دیقەتی پێویست نەکراوە. "لە کاتی پشوودا چی دەکەیت؟."[19] هەڵبەت جاری وایە دانەرانی ئەم کتێبە هیچ نیشانەیەک بۆ کۆتایی ڕستە دانانێن و مرۆڤ نازانێ خوێندکار چۆن دەتوانێ لە ئامانجی ڕستەیەکی لەم چەشنە تێبگات. هیچ نیشانەیەکی پرسیار لێرە دانەندراوە."( چی لەم وانەیەوە فێربوویت )"[20]کەوانەکانی سەرەتا و کۆتایی ئەم ڕستە بێنیشانەیەش بە شێوەیەکی هەڵە داندراون و پرسی بوون و نەبوونی بۆشایی ڕەچاو نەگیراوە.

## ٣,٢,٦. نیشانەی سەرسوڕمان (!)

نیشانەی سەرسوڕمان بە دوای ئەو ڕستانەدا دێت کە مەبەستیان دەربڕینی ئەو حاڵەت و هەڵوێستانەی خوارەوە بێ:

سەرسوڕمان (exclamation)
داوا (request)
ئاوات (desire)
سڵاو و چاکوچۆنی (greetings)
فەرمان (order)
دەستەودامێنبوون (to appeal)

چەند نموونە لەو حاڵەت و هەڵوێستانە:

ئۆی!
بەسەر چیمەنەکەدا مەڕۆ!
خێرا بە!
سەفەرێکی خۆش!
بەخێر بێن!
خۆزگە توانیبام!
دایکی ئازیزم!

لە دەقگەلێکدا کە مەبەست دەربڕینی کۆمەڵێک یاسا و ڕێوشوێنە، بۆ نموونە لە نوسخەی دکتۆر و برۆشور (brochure) و نامیلکەی ڕێبەر (instruction manual)، پێویست ناکات نیشانەی سەرسوڕمان دابندرێت. لەم جۆرە دەقانەدا لە خاڵ (.) کەڵک وەردەگیرێت.[21]

لە دەقی ئەو حەوت کتێبەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وردی خوێندراونەتەوە، مرۆڤ بە دەگمەن تووشی نیشانەی سەرسوڕمان لەدوای ئەو حاڵەت و هەڵوێستانە دەبێت. خاڵبەندی لە وانەیەکدا کە تەرخان کراوە بە هەرەشەی تەقەمەنییەکان و یەکجار گرنگە بۆ خوێندکاران بزانن چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن، زۆر

سرنجڕاکێشە. وشیارکردنەوەکان لە دوو لاپەڕەی بەرامبەر بە یەکتردا لە بواری خاڵبەندییەوە بە دوو شێوەی جیاواز نووسراون. ئەم ڕەوتە لە دوو لاپەڕەی دواتریشدا هەر بەردەوامە. جارێک کاما لە کۆتایی ڕستەیەکی وشیارکردنەوەدا هاتووە، جارێک خاڵ هاتووە و جارێکیش نیشانەی سەرسوڕمان. مرۆڤ هەست دەکات ئەم نیشانانە هەروا لە گۆترەوە فڕێدراون و هەریەکە لە شوێنێک بە هەڵکەوت گیرساوەتەوە: "لەمین نزیک مەبەوە،"، "هەوڵی دەستکاریکردنیان مەدە." و "لێیان نزیک مەبەوە!"[22]

## ٦,٢,٤. سـێخاڵ (...)

نیشانەی سێخاڵ، بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک وشەی وەلاندراو لە ڕستەیەک یاخود دەقێکدا بەکار دێت. سێخاڵ لە نووسیندا وەک وشەیەکی سەربەخۆ سەیر دەکردرێت و بەر لە دەکارهێنانی دەبێ بۆشایی دابندرێت. دوای نیشانەی سێخاڵ لە کۆتایی ڕستەدا، پێویست بە خاڵی کۆتایی ناکات. بەڵام نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان ڕاستەوخۆ دوای سێخاڵەکە و بێ بۆشایی دێن.

تێکەڵکردنی نیشانگەلی چەندخاڵی و ناڕوونبوونی هۆکاری دانانیان لە ڕستەدا لە زۆر شوێنی کتێبە دەرسییەکاندا دەبیندرێت. بۆ نموونە، لەنێوان ئەو دەنگانەی دووپات دەبنەوە هێندێکجار دوو خاڵ و هێندێکجاریش سێ خاڵ دانراوە: "جیو ..جیو .. جیو ..."، "گار .. گار ... گار ..". پرسیار ئەوەیە بۆ؟ ئاخر ئەم نیشانانە مانایان نییە؟ دوایە، ئاژەڵەکان هێندێکجار بە ناسراو و هێندێکجاریش بە نەناسراو نووسراون: مانگاکە، مراوییەکە، بەڵام گا و جووجەڵە. بۆ؟[23] جاری وایە لە کۆتایی ڕستەیەکدا سێ خاڵ بەدوای یەکتردا هاتوون (...) و هەرچی بیر دەکەیەوە، دانانی ئەم نیشانەیە لە کۆتایی ڕستەکەدا، هیچ پاساوێکی ڕێزمانی هەڵناگرێت.[24] لە کۆتایی هەندێک ڕستەدا دوو خاڵ ". ." دانراوە. هێندێکجاریش سێ خاڵ ". . ." دانراوە. هەر لەم دەقەدا یەک خاڵیش "."، هەڵبەت بە بۆشاییەکەوە، دەبیندرێت. ناوی وانەکە "یاسای دارستان"ە. بەڵام ئاکامی وانەکە ئەوەیە کە یاسای دارستان یاسایەکی دادپەروەرانەیە. لە کاتیکدا بە گشتی دەستەواژەیەکی ئاوا گوزارە لە یاسایەکی نادادپەروەرانە دەکات.[25]

## ٦,٣. خاڵبەندیی نێو ڕستە

جگە لە کۆتایی ڕستە، کۆمەڵێک نیشانەی خاڵبەندی، لەنێو ڕستەدا دێن و یارمەتیدەری تێگەیشتنی بەردەنگن لە ئامانجی نووسەری ڕستەکە. یەک لە خاڵە گرنگەکانی نێو ڕستە کامایە.

## ٦,٣,١. کاما (فاریزە، ویرگول) (،)

پێشینەی دەکارهێنانی کاما بە شێوەیەکی سەرەتایی دەگەڕێتەوە یۆنانی کۆن. بەڵام دەکارهێنانی نوێ و بەربڵاوتری ئەم نیشانەیە دەینداری وشانگەرێکی ئیتالییە بە ناوی ئالدۆس مانوتیوس.[26] ئەم وشانگەرە ئیتالییە لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزدەهەمدا بە دەستێوەردانی نیشانەیەکی پێشووتری نووسین، هێڵی لار (/)، بە مەبەستی نیشاندانی ڕاوەستانێکی کورت لە ڕستەدا بوو بە داهێنەری نیشانەی کاما (،). دوای خاڵی کۆتایی ڕستە، بەربڵاوترین نیشانەیەک کە لە نووسیندا دەکار دێت، کامایە. بەڵام ئەگەر لە دیاریکردنی خاڵی کۆتایی ڕستەدا کۆکبوونێکی گشتی هەیە، لە چلۆنایەتیی دەکارهێنانی کامادا هاودەنگییەکی لەم چەشنە لەئارادا نییە. ڕۆلی سەرەکیی کاما لە ڕستەدا ئەوەیە کە بە خوێنەر بڵێت کەی دەبێ ڕاوەستانێکی خێرا بکات. هەروەها کاما بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵێک وشە کە دوابەدوای یەکتر لە ڕستەدا دێن، دەکار دێت. بۆ نموونە: "ماڵە دەمیلیۆن دۆلارییەکەی من دەبێ لەنێوان مێردەکەم، کچەکەم، کوڕەکەم، و برازاکەمدا بەش بکرێت."[27]

کاما بۆ لێکجیاکردنەوەی بەشەکانی ڕستە و لە کاتی کەڵکوەرگرتنی لکێنەرەکانیشدا دەکار دێت. نموونەیەکی کلاسیک کە لە گرنگیی کامادا بەردەوام ئاماژەی پێدەکرێت و نیشان دەدات کە گرنگیی ئەم نیشانە بچووکە لە نووسیندا، دەتوانێت بە بەهای گیانی مرۆڤێک تەواو بێت، بریتییە لە حوکمی حاکمێک لەسەر تاوانبارێک. دەگوترێ لە حوکمی دادگایەکدا، شوێنی کاما توانیوییەتی ببێتە هۆکاری ڕزگارکردن یاخود کوشتنی تۆمەتبارەکە.

"بەخشین پێویست نییە، بیکوژن."
"بەخشین، پێویست نییە بیکوژن."
وەک دەبینین، جێگای کاما لە دوو ڕستەی سەرەوەدا، دەبێتە هۆکاری دوو دەرەنجامی زۆر جیاواز.[28] سەرەڕای گرنگیی کاما لە نووسیندا ئاسان نییە کە مرۆڤ شوێنی دروستی کاما لە ڕستەدا بە تەواوی دەستنیشان بکات. بە واتایەکی تر مرۆڤ باس لە دوو جۆرە کاما دەکات: ١. کامای ڕێزمانی (grammatical) کە دەبێ پاساوی تەواوی ڕێزمانییانەی هەبێت. ٢. کامای هاسانکاریی لە خوێندنەوەدا. کامای چەشنی دووهەم تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر زەوقی نووسەری دەق. سەرەڕای ئەم ڕاستییە کە کامای هاسانکاریی لە خوێندنەوەدا خاوەنی یاسا و ڕێسای توند و دیاریکراو نییە، ناکرێت بێ هیچ پاساوێکیش دەکار بێت. پسپۆڕانی هەر زمانێک دەتوانن بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانی خۆیان ڕیسا تایبەتییەکانی دەکارهێنانی کاما لەو زمانەدا دەستنیشان بکەن. بۆ نموونە لە کتێبی شیندا ٢٢ ڕێسا بۆ دەکارهێنانی کاما لە زمانی ئینگلیسیدا دەستنیشان کراوە. کتێبی یاساکانی نووسینی زمانی سویدی لە ٩ لاپەڕە و ١٢ خاڵدا شوێنی دەکارهێنان و نەهێنانی کامای لە زمانی سویدیدا دەستنیشان کردووە. ئەم کارە دەبێت لەلایەن پسپۆڕانی زمانی کوردییشەوە بۆ زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. بۆ ئەوەی زیاترین کۆدەنگی دەستەبەر بکرێت، دەبێ ئەم کارە بە هەرەوەز بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەکارهێنانی کاما پێویستە:
١. لەنێوان کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە کە ژمارەیان سێ یان زیاترە: ئەمڕۆ سارا، سامان، دارا و تۆفیق لە پۆل ئامادە نەبوون.
٢. کاما پاش و پێش ناوی ئەو کەسەی کە دەکرێتە بەردەنگ دەکار دێت: "ئێوە، کاک سامان، دەکرێ ئەم زەحمەتە بۆ من بکێشن؟"
٣. ئەگەر دەستەواژەیەکی زیاتر لە سێ وشە دەبێتە دەستپێکی ڕستەیەک، بە کامایەک لە پاشماوەی ڕستەکە جیا دەکرێتەوە: "بۆ داواکردنی ئەم کارە، تۆ دەبێ ئەزموونی پێشووترت هەبێ."
٤. کاتێک بەشەکانی ڕستە دژی یەکترن: "ئەوە پارەی منە، نە هی تۆ."
٥. کاتێک ڕستە بە وشەگەلی وەک "بەڵێ"، "ئێستا"، و "لەڕاستیدا" دەست پێدەکرێت: "لەڕاستیدا، من هەرگیز بیرم نەدەکردەوە ئەوەندە بژیم کە ئەو ڕۆژە ببینیم."
هێندێکجار خاڵبەندیی دەقەکان هەر تەواو لە دەرەوەی ڕێساکانی ڕێزمانییەوەن و جیاوازیی نێوان کاما و خاڵ لەبەرچاو ناگیرێ. بۆ نموونە، با بڕوانینە ئەم دەقە: "نارین و سەفین لەلای دایک و باوکیان خۆشەویستن، بۆیە بێ دڵیان ناکەن."[29] سەرەتا دەبێ بڵێم کە هەڵەیەکی ڕینووسی، سەرتاپای مانای ڕستەی کۆتایی دەقەکە بە تەواوی دەگۆڕێت. ئایا دایک و باوکیان بەردەوام دڵیان بۆ دەکرن؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە دەبێ مەبەستی نووسەران لێرەدا ئەوە بێت کە دایک و باوکی منداڵەکان، بێدڵییان ناکەن، واتا بە قسەیان دەکەن و ویستەکانیان بەجێ دێنن. خاڵی کۆتایی ڕستەکەش کە وەک نەریتێکی هەڵە لەم کتێبانەدا دوای بۆشاییەک داندراوە. هەر لەم کتێبەدا، لە "ڕاهێنان"ەکانی لاپەڕەکانی ١٨ و ١٩دا، بە دوای "خوێندکاری خۆشەویست"دا کاما هاتووە. کەچی لاپەڕەیەک دواتر ئەم کامایە لە هەمان شێوە داواکاری و ڕستەدا نەهاتووە. خوێندکاری کتێبێکی لەو چەشنە چۆن دەتوانێت، متمانە بەو دەقانە بکات کە دەیانخوێنێت و چۆن دەتوانێت لە داهاتوودا، کاما لە جێگای شیاوی خۆیدا دابنێت؟ با، ڕستەیەکی تر لەم کتێبەدا بەسەر کەینەوە: "نابینا دەخوێنێتەوە بەڵام بە ڕێگای ( برایل )"[30] لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم ڕستەیەدا، دەبێ بڵێین کە:١. پێش بەڵام، دەبێت کاما هەبێت. ٢. "ڕێگا" دەبێ بە "ڕ" دەست پێبکات. ٣. ئەمە "برایل" نییە و "بڕێیلە" (Braille,1809-1852) کە ناوی موزیکزانێکی نابینای فەڕەنسییە کە لە ١٨٣٠دا سیستمی بڕێیلی بۆ یارمەتیدان بە نابینایان بۆ خوێندنەوە دامەزراند. ٤. "برایل" نابێت بخرێتە ناو کەوانەوە. تازە ئەگەر بە هەر هۆکارێکیش ئەم کارە بکرێت، دەبێ دوای کردنەوە و پێش داخستنەوەی کەوانەکان بۆشایی دانەندرێت. لە لاپەڕەی ٣٤ی ئەم کتێبەدا، ڕەچاونەکردنی شێلگیری لە نووسیندا زۆر زەق دەبێتەوە و "ڕ"ی سەرەتای وشە جاری وایە قەڵەو دەنووسرێت و جاری وایە کز. بۆ نموونە "ڕاست" و "راست" لەم لاپەڕەیەدا دەکەونە بەرچاو. مرۆڤ نازانێت خوێندکار دەبێ چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا ڕەفتار بکات و هەر بە هەمان شێوەش مامۆستا دەبێ چۆن پاساو بۆ ئەو ناسەقامگیرییە زەقانە لە نووسینی وشە یەکسانەکاندا بێنێتەوە؟ لە یەک دێڕدا و بە مەودای دوو وشە دوور لە یەکتر "ڕ"ای سەرەتا بە

دوو جۆر هاتووە: "ژمارەی ڕاست و هەڵەی ئەم رستانەی [...]:"[31] **لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتیدا** پرسی کاما وەک هەمیشە بەردەوامە. ساڵی لەدایکبوونی جەلادەت بەدرخان خراوەتە ناو کەوانەوە و مرۆڤ نازانێت بۆچی؟ هەموو بەسەرهاتەکە لە زەمەنی ڕابردووی گێڕانەوەییدا ( past perfect tens) گێڕدراوەتەوە.[32] شێوەی باو بۆ گێڕانەوەی لەم چەشنە یان زەمەنی ڕانەبردووە یانیش زەمەنی ڕابردووە. وانەی "سەربەستی و ئازادی" پڕە لە هەڵەی خاڵبەندی و کامای نابەجێ: "ئای کە حەزم لە کەش و هەوای، سەربەستییە و ...".[33] ئەم کامایە بە دوای "ی"ی پێوەندیدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟ نووسینی کاماکانیش زۆر جاران هیچ نەزمێکی تێدا نییە. جاری وایە دوای بۆشاییەک و هێندێکجاریش بێمەودا نووسراون.[34] لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبی پۆلی سێیەمدا پرسی کاما و خاڵ هەر بەردەوامە و وێدەچێت کە هیچ پێوەرێکی ڕێزمانی بۆ ئەم دیاردەیە نەبێت و تەنیا سەلیقەی نووسەر بڕیار بدات لە کوێ کاما دانێین و لە کوێ خاڵ. زۆربەی جاران خاڵی کۆتایی ڕستە، دوای سێ دێڕ یاخود چوار دێڕ دێت.

لە ڕاهێنانێکدا داوا لە خوێندکار دەکرێت کە "ئەم پارچە پەخشانە بخوێنەرەوە، پاشان پێنج ڕستەی لێ دەربهێنە".[35] ئەگەر بەپێی پێناسەی ڕستە لەم کتێبەدا بجوڵێینەوە، ئەوە هەموو دەقەکە دوو ڕستەیە و ناکرێ پێنج ڕستەی تێدا بدۆزینەوە. هەڵبەت دەقەکە درێژە و ٨ دێڕە و بە هاسانی دەکرێ زیاتر لە ٥ ڕستەی تێدا دەستنیشان بکرێت. ئەوەی جێگای ڕەخنەیە شێوازی ڕێنووسییانەیە کە دەبێ بە دروستی ڕەچاو بگرترێ و هێندە بە شێوەی هەڵە لە کاما کەڵک وەرنەگیرێت. لە لاپەڕەی ٥٥ی ئەم کتێبەدا، خاڵبەندیی نادروستی دەقێکی درێژی یەکلاپەڕەیی وایکردووە کە بە زەحمەت بکرێت سەر و بنی ڕستەکان دیاری بکرێت. دەکارهێنانی بێپاساوی کاما هۆکاری سەرەکیی ئەم بێسەروبەرەییە. هەروەها، لە ئامرازەکانی پێوەندی بۆ لکاندنی ڕستەکان بە یەکترەوە، زۆر بەدەگمەنی کەڵک وەردەگیرێت.

## ٢,٣,٦. جووتخاڵی ئاخافتن (:)

**١. جووتخاڵ (colon) دوای ڕستەیەک کە تێیدا باس لە ناساندن و ڕیزکردنی کۆمەڵێک شت دەکات، بەکار دێت: "تکایە ئەو شتانەی خوارەوە لەگەڵ خۆت بێنە: کتێب، دەفتەر، قەڵەم، و جانتا."**

**٢. کاتێک نووسین یان گوتەی کەسێکی تر لە دەقی خۆماندا ڕاستەوخۆ دەگوازینەوە و دەقە گۆزراوەکە لە سێ دێڕ زیاترە.**

لە لاپەڕەی ٢٠ی کتێبی **خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی**، شێوازی نووسینی چالاکیی ٢ جیاوازە لە بەشەکانی پێشتر. دوای داواکردن لە خوێندکاران کە جاران جووتخاڵ داندەندرا، تەکخاڵ داندراوە، هەڵبەت دوای بۆشاییەک.[36] لە لاپەڕەی ٢١ی هەمان کتێبدا، "دەقی منالی ژیر" بە جوانی نووسراوە، بەڵام کێشەی بۆشایی پێش خاڵی کۆتایی ڕستە، هەر بەردەوامە. یەکەم ڕاهێنانی ئەم کتێبە بە شێوەیەک فۆرموولە کراوە کە دەتوانێت جۆرێک لە لێڵی لە زەینی خوێندکاردا ساز بکات. "قوتابییانی خۆشەویست، ئەم وشانەی خوارەوە بە پیتێکی گونجاو تەواو بکە:"[37] یەکەم، ئەوەی کە بۆ دەبێت لەجیاتی "قوتابی" شێوەی کۆ واتا "قوتابییان" بەکار هاتبێت؟ هەروەها دەکرێ مرۆڤ بپرسێت بۆچی کرداری کۆتایی ڕستەکە لەجیاتی ئەوەی "کۆ" واتا "بکەن" بێت، تاک واتا "بکە"یە؟[38] دواتر، بۆ ڕستەکە بە جووتخاڵ (:) تەواو بووە؟ لە هەمووی گرنگتر، بۆ هەر وشەیەک تەنیا یەک "پیت" داندراوە و ئەمەش پرسی "پیتێکی گونجاو" بێواتا دەکات. ئەم ڕاهێنانە چوار لاپەڕەیە و لە کاتێکدا دەتوانێت ڕێکارێکی باش بێت بۆ ئەوەی کە خوێندکار کۆمەڵێک وشە و شێوازی نووسینیانی وەبیر بێتەوە، هەڵگری هەڵەیەکە کە هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە بەرۆکی خوێندکاران دەگرێت و فێری نەریتێکی نادروستیان دەکات. ڕاهێنانی ژمارە٢ لە لاپەڕەی ٩ی هەمان کتێبدا، زۆر تایبەتە. داواکارییەکە لە خوێندکار ئەمجارەیان بە "تکایە" دەست پێدەکات:

"تکایە، سەیری ئەم وێنانەی لای خوارەوە بکەو بە دەنگ ناوەکانیان دەرببڕە، پاشان بە پیتێکی گونجاو وشەکان تەواو بکە:"[39] دەکرێ لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم ڕاهێنانەدا، ئەم پرسیارانە ئاراستە بکەین: ١. بۆ "تکایە"؟ ٢. بۆ "لای خوارەوە"؟ ئایا ئەگەر تەنیا بڵێین "خوارەوە"، ئامانجی "ڕاهێنان"ەکە ناپێکرێت؟ ٣. لە کتێبی پۆلی یەکەمدا "و" وەک ئامرازی لکێنەری سەربەخۆ دەکار هێنراوە، کەچی لەم ڕستەیەدا بە وشەی بەر لە خۆیەوە

لکێندراوە: "بکەو". ئەم کێشەیە بەردەوامە و دانەرانی کتێبەکە ئەمجارەیان ڕوو لە "مامۆستا" (!) دەکەن و دەڵێن: "مامۆستای هێژا:

١. ڕەوشتی سەردان بۆ قوتابییان ڕوون بکەوە؟

٢. کە دەچێتە سەردانی ماڵە دراوسێیەکیان چۆن سڵاو لەوان دەکات هەواڵی لەش ساغیان دەپرسێ ."[40]

سەرتاپای ئەم چالاکییە هەڵەیە. جووتخاڵ کە بە دوای مامۆستای هێژادا هاتووە بێمانایە. نیشانەی پرسیار کە بە دوای ڕستەی یەکەمدا هاتووە بێماناترە. نیشانەی خاڵی کۆتاییش بەدوای ڕستەی دووهەمدا هەر بێمانایە و ئامانج ناپێکێت. نیشانەی جووتخاڵ بە دەگمەن لەم کتێبانەدا لە جێگای شیاوی خۆی دەکار هاتووە. بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕەی ٣٨. "قوتابی خۆشەویست: سەیری ئەم وێنانە بکەو ناوەکانیان لەژێر بنووسە ." هەمدیسان، ڕستەیەکی لەم چەشنە، دەبێتە هۆی ئەم پرسیارانە: بۆچی یای پێوەندی بۆ قوتابی نەنووسراوە؟ ئەوە لە کاتێکدایە کە لە هێندێک شوێن ئەم یای پێوەندییە دەکار دێت. بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕەی ٤٥ی هەمان کتێب کە دەنووسێت، "قوتابیی خۆشەویست". بۆچی لە "بکەو"دا "و"ی پێوەندی بە وشەی پێش خۆیەوە لکێندراوە؟ بۆچی خاڵی کۆتایی ڕستەکە پاش بۆشاییەک لە دوایین وشەی ڕستەکە هاتووە؟ لە کتێبی **ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا، هاتووە:**

"منداڵە خۆشەویستەکان: ڕۆژێک لە نێو دارستاندا دار و داربڕێک گفتوگۆیان بوو،".[41] نیشانەی ":" لێردەا زۆر بێمانایە. نیشانەکە دەربڕی ئەوەیە کە منداڵە خۆشەویستەکان قسە دەکەن، کەچی لەڕاستیدا قسەکە ڕووی لە منداڵە خۆشەویستەکانە. لە گفتوگۆی دار و داربڕدا هێندە پەلە کراوە کە جاری وایە قسەی دار و داربڕ و شوێنی قسە و نیشانەکانی ئاخافتن واها تێکەڵ دەبن کە خوێندکار سەری لێدەشێوێت. بۆ نموونە لە کۆتایی لاپەڕەی ١١٥دا کاتێک دار قسە دەکات و نۆرەی داربڕ دێت، هەر لە دێڕی سەر بە داردا، قسەی داربڕیش دەگوازرێتەوە و دواتر دیسانەوە نۆرەی دار دێتەوە و گفتوگۆیەکە لە بارەی شێواز و نووسینەوەی نۆرەکاندا دەشێوێت.

## ٣,٣,٦. نیوەجوتخاڵ/خاڵبۆر (؛)

**نیوەجوتخاڵ/خاڵبۆر (semicolon) بە شێوەیەکی گشتی لەنێوان ڕستەگەلی سەربەخۆدا دەکار دێن کاتێک مرۆڤ هەست بکات کە خاڵ جیاکەرەوەیەکی زۆر بەهێزە و کاما جیاکەرەوەیەکی زۆر لاوازە.**

**کاتێک دوو ڕستە بەدوای یەکتردا دێن و ئامرازێکی لکێنەریان لەنێواندا نییە. "سبەی تەلەفۆنم بۆ بکە؛ ئەودەم وەڵامت دەدەمەوە."**

**ئەم نیشانەیە زۆر بە دەگمەن لە کتێبەکاندا بەکار هاتووە. وەک نموونەیەک، لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەم، وەرزی دووهەمدا، ئەم نیشانەیە دەبینین.** لە دەقێکی درێژی شەش دێڕی لە بارەی "هەتاڤ"دا، تەنیا خاڵێک لە کۆتایی دێڕی شەشەمدا هاتووە و جگە لە نیوەجوتخاڵێک/خاڵبۆرێک (؛) هەموو ڕستەکانی تر بە کاما لێک جیا کراونەوە:

> "بەیانی زوو، هەتاڤ لە خەو ڕابوو ، لە پەنجەرەی ژوورەکەی سەیری ناو باغەکەی کرد ، بینی لق و پۆپی دارەکان دەشەکێنەوە ، کە گوێی لە گڤە گڤی بایە بەهێزەکە بوو ، ڕایکردە لای سۆلاڤی خوشکی و ئامۆژگاری کرد ، پۆشاکی گەرم لەبەر بکات؛ تاکو وەک ئەوجارەی هەڤاڵی برایان لەسەرمانا نەخۆش نەکەوێت ، سۆلاڤیش زۆر سوپاسی کرد."

لەڕاستیدا، کارکردی کاما لەو دەقەی سەرەوەدا، بە شێوەیەکی گشتی، پەیڕەوی لە هیچ یاسایەکی نووسین ناکات و وێناچێت دەکارهێنانی خاڵبۆر/نیوەجووتخاڵەکەش، تەنیا یەکجار، هیچ چەشنە هۆکارێکی قورسی ڕێزمانی لە پشت بێت.

## ٤,٣,٦. نیشانەی گواستنەوە ("")

**نیشانەی گواستنەوە (quotation Mark) لە پاش و پێش ئەو ڕستە، دەستەواژە، یاخود وشەیەدا کە هی کەسێکی ترە و ئێمە دەقاودەق دەیگوازینەوە نێو دەقی خۆمان، دەکار دێت.** لە **خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتیدا** بۆ یەکەمجار دوای پەیڤی "گوت": نیشانەی گواستنەوەی قسەی کەسێکی تر داندراوە، بەڵام

بەداخەوە لەجیاتی نیشانەی ناسراوی جیهانی، واتا ""،، جووتکەوانەیەکی زل بە بۆشاییەوە لە سەرەتا و کۆتایی دێرە گواستراوەکاندا داندراوە. ( (...) ). هەمان شت لە لاپەڕەی ٨٥یشدا دووپات بووەتەوە.[42]لە پێشەکیی **ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا** باس لەوە دەکرێت کە لەم "پەڕتوکەدا" بابەتی ڕێزمان و خوێندنەوە کراوە بە یەک پەڕتوک. دەقی ئەم پێشەکییە دوورە لە دەقێکی ڕەوانی بێ گرێ و گۆڵ. سەرەڕای هەڵەی خاڵبەندی و ڕستەی ناڕێک و درێژ، لە ١٥ دێڕدا حەوت جار وشەی "پەڕتوک" دووپات کراوەتەوە. نیشانەی بێمانای "..” دوو جار و نیشانەی بێماناتری "...” یەکجار دەکار هاتووە و ناشێلگیری لە نووسینی پیتی "ڕ" دا زیاتر لە چوار جار دەبیندرێت.

## ٥,٣,٦. پەراوێز و پرسی جووتکەوانە (parentheses)

کەوانە بۆ دەربڕینی ڕوونکردنەوەیەک لەنێو دەق یان ڕستەیەکدا بەکار دەێت. لە لاپەڕەی ٦ی **خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی دووەم**، بۆ یەکەم جار کەوانە بە دروستی دەکار هاتووە و دوای کردنەوەی کەوانە بۆشایی دانەندراوە و پێش داخستنیشی بۆشایی دانەندراوە. “جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)”. **بەڵام لە لاپەڕەی** ١٠٠ی ئەم کتێبەدا، کارکرد و شێوازی نووسینی کەوانە لە یەک دێڕدا بە چەند جۆر دەبیندرێت. ئەمە بۆ جووتخاڵی نیشانەی گوتنیش (:) هەر وایە:
“گوارە:(ن) : گوشوارە (خ) ، گوهار(ژ) ، گۆشوارە (گ) ، گۆشخارە (خ)”

دوای جووتخاڵی پاش گوارە دەبێ بۆشایی هەبێت. هەر لەم لاپەڕەیەدا دوای چەندین نیشانەی جووتخاڵ بۆشایی داندراوە. دوای کەوانەکە بۆشایی پێویست ناکات. و هەر لەم لاپەڕەیەدا لە چەندین جێگا دوای کەوانەی بەستراو بۆشایی نەهاتووە. دوای کەوانەی بەستراو ئیتر پێویست بە دووخاڵ نییە و ئەگەریش هەبێت دەبێ بۆشایی بۆ دانەندرێت. لە کاتێکدا دوای "گۆشوارە" بۆشایی داندراوە و دوایە "(خ)” نووسراوە، هەر وشەی دواتر ئەم ڕێسایەی بۆ ڕەچاو نەکراوە و "گوهار(ژ)” نووسراوە. ئەم بێدیقەتییە لە سەرتاپای ئەم لاپەڕەیەدا و لە زۆر لاپەڕەی تری ئەم کتێبانەدا هەر جەمەی دێت. لە بەشی فەرهەنگۆکی ئەم کتێبەدا کە لە سێ لاپەڕەدا جێگای بووەتەوە، بە دەگمەن دوو دێڕ بە شێوەیەکی شێلگیرانە نووسراون. لە لاپەڕەی٤٦ی کتێبی **خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا** نیشانەی پەرواێز بە شێوازی جیاواز دەکار هاتووە، جارێک بێبۆشایی لەگەڵ وشەی پاش و پێش و جارێک بە بۆشاییەک یان تەنانەت دوو بۆشاییەوە. لە کۆتایی شیعری لاپەڕەی سێهەمی کتێبەکەدا ناوی شاعیر، لەیلا مستەفا، لە جووتکەوانەدا (parentheses) بە ناشێلگیری نووسراوە. جووتکەوانەی یەکەم لەگەڵ یەکەم پیتی نووسراوی دوای خۆیدا بۆشایی نییە، بەڵام جووتکەوانەی دووهەم بە بۆشاییەوە لە دواپیتی بەر لە خۆیەوە نووسراوە. “گۆرانی دەنکە گەنم"ی گۆران بە خاڵبەندییەکی سەیرەوە چاپ کراوەتەوە. ناوەکەی گۆرانیش خراوەتە ناو کەوانەوە و هیچیشی لەسەر نەگوتراوە.[43] لە لاپەڕەکانی ٦٩-٨٠ی **ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتییشدا کارکردی جووتکەوانە تەواو دەشێوێت. پرسیار ئەوەیە** بۆچی ناوە تایبەتەکان دەخرێنە ناو پەرانتێزەوە؟ بۆچی ژمارەی ساڵ دەخرێتە ناو کەوانەوە؟ بۆچی تایتلی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەخرێنە ناو کەوانەوە؟

## ٦,٣,٦. دەشی کورت و درێژ - و —

دەشی کورت و درێژ لە زۆر بواردا بەکار دێن. بۆ نموونە، دەشی کورت لەنێوان مانگ و ساڵدا بۆ نیشاندانی زەمەن دەکار دێت. لە پاش و پێش دەشدا بۆشایی دانەندرێت. ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٢، گوڵان-گەڵاڕێزان.

**دەشی درێژ ـــــ**

کاتێک جیاوازییەکی گەورە دەکەوێتە نێوان بەشی یەکەمی ڕستەیەک و پاشماوەکەی، لە دەشی درێژ کەڵک وەردەگیرێت. “من هەرگیز مرۆڤێکی ئاوا ئازام نەبینیبووـــــبەر لە ئێوە. هێندێکجار لەجیاتی جووتخاڵ دەکرێت لە دەشی درێژ کەڵک وەرگیرێت.
ئەم نیشانەیە، لە کتێبەکاندا دەکار نەهاتووە.

### ٧,٣,٦. نیشانەی تێهەڵکێشان [ ]
کاتێک شتێک لە گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەقێک زیاد دەکەین، ئەو وشە زیادکراوانە دەخرێنە نێو نیشانەی تێکهەڵکێشانەوە [ ]. ئەم نیشانەیە هەروەها بۆ لەخۆگرتنی فۆنێتیک و چلۆنایەتیی درکاندنی وشە، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیسیدا، بەکار دێت. لە لاپەڕەی ٥٦ی **ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،** نیشانەی [ ] بۆ دێڕێک دەکار هاتووە کە دەبێ خوێندکار بینووسێتەوە. مرۆڤ نازانێ بۆ دەبێ ئەم دێڕە خرابێتە ناو ئەم نیشانەیەوە [ ]. کارکردی ئەو نیشانەیە لە نووسیندا بۆ کاتێکە کە مرۆڤ شتێکی زیاتر دەخاتە ناو دەقێکی گواستراوەی ڕاستەوخۆ و مەبەستییەتی بەشە لێزیادکراوەکە لە دەقە گواستراوەکە جیا بکاتەوە.

### ٨,٣,٦. بۆشایی نێوان وشەکان و ڕستەکان
وشەکانی دەقێک بەهۆی بۆشاییەک لە یەکتر جیا دەکرێنەوە. هەمیشە دوای نیشانەیەکی نووسین کە لە خاڵبەندیدا دەکار دێت، بۆشاییەک دادەندرێت. بەڵام هەرگیز بەر لەو نیشانانە بۆشایی دانادرێت. یەک لە هەڵە هەرە زەقەکانی نووسین لەم کتێبانەدا، بێسەرەوبەرەیی دانان یان دانەنانی بۆشاییە لەنێوان وشەکاندا.
لە لاپەڕەی ٥٤ی **خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی دووەمدا ئەم ڕستەیە دەبینین:** "نەخۆشی ئەنفلەوەنزای باڵندە و خۆ پاراستن لێی بۆ خوێندکاران ڕوون بکەوە ." لەم ڕستەیەدا **یای پێوەندی بۆ "نەخۆشی" دانەندراوە. شێوەی درکاندن و گۆکردنی "ئەنفلەوەنزا" نازانرێ لە چ زمانێک وەرگیراوە؟ "خۆ پاراستن" یەک وشەیە و بووەتە دوو وشە. خاڵی کۆتایی ڕستەکە دوای بۆشاییەک داندراوە. تازە سەرتاپای ڕستەکە و شێوەی داڕشتنەکەشی کێشەخوڵقێنە و زۆر لە داڕشتنێکی ڕەوان دوورە. لە لاپەڕەی** ١١ی کتێبەکەدا، بۆ یەکەمجار ڕستەیەکی درێژی لێکدراو لە دەقەکەدا دەکار دێت و ئەمە یەکەمجارە کە خوێندکار ڕستەیەکی ئاوا درێژ دەبینێت. زۆر گرنگە کە خوێندکار هەر لە ئێستاوە فێر بێت کە بەشەکانی ڕستەیەکی ئاوا درێژ چۆن بە یەکەوە گرێ دەدرێن.

"کەروێشک ئارەزووی گێزەر دەکات ،<br>
مەڕ ئارەزووی گیا دەکات ،<br>
سمۆرە ئارەزووی گوێز دەکات ،<br>
منیش ئارەزووی گەزۆ دەکەم."

لەڕاستیدا، ئەو دەقە بریتییە لە چوار ڕستەی سەربەخۆ. بێشك دەکرێ ئەم ڕستانە بە هۆی ئامرازی پێوەندییەوە بەیەکترەوە بلکێندرێن و بکرێن بە ڕستەیەکی تێکەڵاوی درێژ. بەڵام دەبێ لکاندنەکە پەیڕەوی یاساکانی گراماتیکی بکات. ئەگەر ئەم ئەرکە بە کاما بسپێرین، دەبێ کۆتا ڕستە بە هۆی ئامرازێکی پێوەندییەوە، بۆ نموونە "و" بە بەشەکانی پێشترەوە بلکێندرێت. بەڵام لێرەدا ڕستەکان ڕیز کراون و شێوازی شیعرییان بە خۆیانەوە گرتووە. هەڵبەت لەبیرمان بێت دیسانیش وەک هەمیشە کاما دوای بۆشاییەک لە وشەی پێش خۆیەوە هاتووە.
وێنەی فڕۆکە لە لاپەڕەی ٩ی ئەم کتێبەدا بە ناو و ئاڵای کوردستانەوە، دەتوانێت بۆ خوێندکار زۆر هەستبزوێن بێت. بەڵام کە دەبینین دەقەکەی سەبارەت فڕۆکە سێ ڕستەیە و ڕستەکان بە کاما لێک جیا کراونەتەوە ـــ هەڵبەت دیسانیش دوای مەوداگرتن لە وشەی پێش خۆیانەوە، مرۆڤ حیکمەتی پشت شێوازی ڕستە نووسینەکە تێناگات.

"سەفین سەیرکە ،<br>
ئەوە فڕۆکەی کوردستانە ،<br>
فڕۆکەی فریاکەوتنە ، بۆمب و موشەکی نییە."

هەر بەم چەشنەش لە لاپەڕەی ٦٢دا مرۆڤ لە کارکردی کامای دوای ڕستەکان تێناگات."پەری بەیانیان شیر و نان و قەیماغ دەخوات ، قەیماغ لە شیری گامێش دروست دەکرێت ، بەرهەمەکانی شیر و نان و قەیماغ بۆ گەشەی لەش پێویستن." لە لاپەڕەی ٣٤دا دەخوێنینەوە:
"نینۆک کردن زۆر چاکە ،

پیشەی مندالّی پاکە."
ناتوانین تێبگەین کە ئەو کامایەی دوای دێڕی یەکەم بە مەودایەکەوە چییە و بۆ لەوێیە. پرسی بۆشایی نێوان وشەکان و بەشەکانی وشە ئەگەر بە دروستی ڕەچاو نەکرێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی نووسین. لە کاتی ئاوادا خوێنەر لەجیاتی خوێندنەوەی دروست، دەبێ پەنا بۆ هەڵدان و "پێموایە" بەرێت. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم ڕستەیە:

"مەر تالا مە یە
دەست پێشمەرگە یە
زمانێ کوردی".[44]

لێرەدا تەنیا بە هێزی گومان دەتوانین بزانین "مەر تالا" یەک وشەیە و دەبێ بەسەریەکەوە بنووسرێت و ببێت بە مەرتالا. " ئیتر پرسی دانان و دانەنانی بۆشایی و خوڵقاندنی گرفتی ڕێنووس بەردەوامە. "خەندە لە قوتابخانەی دیلان دەخوێنێت و زۆر حەز لەخوێندنەوەی کوردی دەکات ، مامۆستاکەی ناوی خاتوو ئاواتە."[45] کارکردی کامای دوای "دەکات و پێش "مامۆستاکەی" چییە؟ "لەخوێندنەوەی" هەڵەیە و دەبێ لەنێوان "لە" و "خوێندنەوە"دا، بۆشایی هەبێت. کە لە لاپەڕەی ڕووبەڕووی ئەم لاپەڕەیە دەڕوانین و چاو لە چالاکیی (٦) دەکەین، دەبینین بە دروستی "لە" و "خوێندنەوەی"، وەک دوو وشەی سەربەخۆ هاتوون و دیارە کە لە ڕستەشدا دەبێ وەک وشەی سەربەخۆ دەکار بێن. لە کتێبی پۆلی یەکەمدا، بە دروستی، "و" وەک ئامرازی لکاندن، لەنێوان ڕستە و وشەکاندا بە شێوەی سەربەخۆ دەکار هاتووە. بەڵام زۆر جار "و" بە وشەی پێش لە خۆیەوە دەلکێندرێت و ئەمەش ڕەوتی بەردەوامی و شێلگیری لە کتێبەکاندا سەقەت دەکات. بۆ نموونە، لە لاپەڕەی ٤٣ی کتێبی پۆلی یەکەم، وەرزی دووهەمدا هاتووە: "گرووپی تۆپ تۆپێن ، باڵەو پەت پەتێن." لێرەدا دەبێ "و" لە پاش باڵەوە بۆشایی بۆ داندرێت تا وەک وشەیەکی سەربەخۆ حیسێب بکرێت. هەمان شت لە لاپەڕەی ٤٦دا دووپات بووەتەوە. "قوتابی ژیرو چالاک خۆشەویستە." لێرەدا یای پێوەندیی دوای قوتابییش نەنووسراوە. ئەگەر ناوەکە قوتابی بێت کاتێک بە ئاوەڵناوی دوای خۆیەوە دەلکێندرێت دەبێت یای (ی) پێوەندیشی بۆ داندرێت. لە لاپەڕەی ٣٠ی کتێبی پۆلی دووهەمدا بە دروستی دوای "قوتابی" یای پێوەندی هاتووە و بووەتە "قوتابیی خۆشەویست". ئەمە دروستە، بەڵام مرۆڤ دەکرێت بپرسێت دانەر یان دانەرانی کتێبەکە لە خۆیان ناپرسن ئەگەر خوێندکارێک لێیان بپرسێت جیاوازیی ئەم لاپەڕەیە لەگەڵ لاپەڕەکانی پێشوودا چییە کە "قوتابی" ئاوا نووسراوە، وەڵامیان چی دەبێت؟ خۆ وە نەبێ ئیتر ئەم ڕاستییە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دیسانیش ڕەچاو بگیرێت. هەر هەشت لاپەڕە ئەولاتر، لاپەڕەی ٣٨، دیسانەوە دانەرانی کتێبەکە دەچنەوە سەر نەزمی پێشوویان و دەنووسنەوە "قوتابی"، و یای پێوەندی لەبیر دەکەن. لە لاپەڕەی ٩٦دا هەمدیسان ئەم دیاردەیە دەبینین: "من پاکو خاوێنی شارەکەم ...". ئەگەر وەک وشەیەک سەیری "پاکوخاوێنی" بکردرێت دەبێ بۆشایی نێوان دوو بەشەکە هەڵگیرێت. هەروەها لێرەشدا یای پێوەندی لەبیر کراوە. لە لاپەڕەی ٥٦دا ئەم وشەیە بە شێوەیەکی سەیر نووسراوە. "هەوای پاکو خاوێن". یان پاک و خاوێن، یانیش پاکوخاوێن. وەک دەبینین، شێوازی داڕشتنەوەی ئەم وشە لێکدراوەیە، هیچکامیان نییە.

دەقی دووروودرێژ و حەوت دێڕیی "یاری چاوشارکێ" لە لاپەڕەی ٨٥ نموونەیەکی ترە لە دەکارهێنانی بێبنەمای کاما. مرۆڤ هەست دەکات لەم کتێبانەدا خاڵی کۆتایی ڕستە (.) تەنیا لە کۆتایی پاراگرافدا دێت. هەر لە ناونیشانی دەقەکەدا یای پێوەندیی "یاری" فەرامۆش کراوە و دواتر هەموو ڕستە سەربەخۆیەکان تەنیا بە هۆی کاماوە لە یەکتر جیا کراونەتەوە. هەروەها نیشانەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆش (" ") بە هەڵە دەکار هاتووە. لەسەرەتادا بۆشایی خراوەتە ناو نیشانەکە و یەکەم وشە و لە کۆتاییشدا لەنێوان دوایین وشە و نیشانەکە دیسانیش بۆشایی داندراوە. ئەگەر ئەم دەقە لەگەڵ دەقی لاپەڕەی ٩٣ بەراوەرد کەین و سەیری سێ ڕستەی ئاخیری دەقەکە بکەین، تێناگەین بۆ دەبێ لەم دەقەدا دوای ڕستەکان خاڵی کۆتایی داندرابێت. لە بواری گرامێرییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم دەقە و دەقی لاپەڕەی ٨٥ لە ئارادا نییە. لە دەقی "خەون"یش لە لاپەڕەی ٨٨دا دەکارهێنانی بێبنەمای کاما بە بەربڵاوی دەبینین. ئەم دەقە دە دێڕە و تەنیا یەک خاڵ لە کۆتایی پاراگرافەکەدا هاتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لەم دەقەدا هەشت کاما و دوو جووتخاڵ (:) و نیشانەیەکی سەرسوڕمان (!) دەکار هاتوون.

کتێبی وەرزی دووەمی پۆلی یەکەم کۆتایی دێت، بەڵام "ئەلفبێی کوردی" کە لە لاپەڕەکانی ٩٦-٩٩دا هاتووە، بە شێوەیەکی ڕیزکراوی سیستێماتیک نەنووسراوەتەوە کە خوێندکار فێری بێت و تەنانەت لەبەریش بیزانێت و بزانێت چەند دەنگ یاخود پیتمان لە زمانی کوردیدا هەیە.

کێشەی بۆشایی نێوان وشەکان و بەتایبەت بۆشایی نێوان وشە و ئامرازەکانی پێوەندیی، بۆ نموونە "و"، لە کتێبی **خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتییشدا هەروا بەردەوامە. کاتێک بۆ نموونە، لە لاپەڕەی** ٦٤دا وشەیەکی وەک "ئاردو" دەبینین، نابێ چاوەڕوان بین ئەم وشەیە خاوەنی مانایەکی تایبەتە. لێرەدا مەبەست "ئارد"ە، بەڵام بە لکاندنی وشەی پێوەندیی "و" بە ئاردەوە، وشەیەکی تر ساز بووە کە ئارد نییە و بێگومان نانیشی لێ دروست ناکرێت. یان کاتێک لە لاپەڕەی ٦٠دا، دەخوێنینەوە کە "قوتابی خۆشەویست ئەم پەندەی خوارەوە لەتێنووسەکەت بنووسەوە :"، بۆمان دەردەکەوێت کە هەمدیسان کێشەی ڕێنووسیی کتێبەکانی پۆلی یەکەم هەروا بەردەوامە. لەم ڕستەیەشدا، بۆشاییەک لەنێوان "لە" و "تێنووسەکەت"دا دەبێ هەبێ و یای پێوەندیی قوتابییش نابێ لەبیر بکرێت. هەروەها دانانی بۆشایی لەنێوان وشەی کۆتایی و نیشانەی جووتخاڵیشدا هەڵەیە. لە لاپەڕەی ٥٢شدا، کێشەی "و"ی لکێنەر و پاشگری "دا" بەردەوامە. "ئەمانە لە تێنووسەکەت بنووسەوە : ( گوڵ و ڕێحان، دارودرەخت، گژوگیا، گەنم و جۆ )". بۆچی تێنووس؟ بۆ "دا"ی پاشگر بۆ "تێنووس" دانەندراوە؟ کەوانەکانی سەرەتا و کۆتاییش بە شێوەی هەڵە داندراون و دوورن لە نووسینی دروست. ڕۆڵی کاما لە تێکستێکی لاپەڕەی ٦١دا زۆر ناڕوونە. جاری وایە دەکرێت لە جێگای کاماکان خاڵی کۆتایی ڕستە دابندرێت و جاری وایشە دەکرێ بە وشەی پێوەندیی وەک "و" ئەرکەکە ڕاپەڕێندرێت. لە کتێبی خوێندنی سەرەتاییدا دەبێ یەک هەڵە، تەنانەت هەڵەی تایپییش نەبێت. لە لاپەڕەی ٦٣دا لەبیرچوونی یەک "و" دەبێتە هۆی هەڵەیەکی وشەیی مەزن و گەنمەکوتاو دەبێت بە "گەنمە کوتا". بەڵام کێشەکە لێرەدا تەواو نابێت، کاتێک دەبینین لاپەڕەیەک دواتر لە "واتای وشەکاندا" هەمدیسان نووسراوە "گەنمەکوتا"، هەڵبەت ئەمجارە وەک یەک وشە، بەپێچەوانەی جاری پێشوو کە وەک دوو وشە نووسراوە. هەر لەم لاپەڕەیەدا، واتا لاپەڕەی ٦٤، دیسانەوە وشەکە بووەتە "گەنمەکوتاو". پرسیار ئەوەیە خوێندکار کام لەم وشانە بە جیددی وەگرێت و بیکات بە خەزێنەی هەمبانەی وشەکانی؟

لە گێڕانەوەی "چۆلەکە و ڕێوی" لە لاپەڕەکانی ١٠-١١ی **خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی**دا دیسانەوە کێشەی خاڵبەندی بە زەقی خۆی نیشان دەدات. "وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی." "پەلاماری داو گرتی." لەم چیرۆکەشدا دەردەکەوێت کە نووسەرەکەی وەک وشەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئامرازی پێوەندیی "و"دا ناکات و بە وشەی پێشەوەی خۆیەوە دەیلکێنێت. کێشەی "دا"ی کردار و "دا"ی پاشگر تێکەڵاو دەکردرێت. یای پێوەندی فەرامۆش دەکردرێت. کاما و ئامرازی لکێنەری "و" لێک جیا ناکرێنەوە. ئەگەر بۆشایی نێوان وشەکان و تەنانەت بەشەکانی وشە بەدروستی ڕەچاو نەگیرێت، ئەوە زانینی چیبوونی وشەکان لە توانایی خوێنەران دەردەچێت، و کاری خوێنەر تەنیا دەبێت بە هەوڵدان بۆ هەڵدانیان. نموونەیەک لە لاپەڕەی ٦٤ی کتێبی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات: "وەرزشکاران لە شولاری [...]". دوای سرنجێکی زۆر، دەردەکەوێت کە دەبی مەبەست ئەوە بێت: "وەرزشکاران لەشولاری [...]". لە لاپەڕەی ٩٥ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا، هاتووە: "ئای لەم بەفرە باریوە زەوییەک پارچە زیوە". مەبەست دەبێ ئاوا بێت: زەوی یەک پارچە زیوە. دانەنانی بۆشایی لە جێگای دروستی خۆی دەبێتە هۆکاری بە هەڵە تێگەیشتن لە ئامانجی نووسەر. دانەنانی بۆشاییش لەم پەیڤەدا هەر زۆر زەقە: "بەرێوییەکەی گوت". "ڕێویەک" و "ڕێوییەک" لە یەک لاپەڕەدا.46 ڕەچاونەکردنی بۆشایی یان بەپێچەوانەوە دانانی بۆشایی لە نێوان دوو وشەی لێکدراودا دەبێتە هۆکاری دوورخستنەوەی خوێنەر لە ئامانجی نووسینەکە. کاتێک وشەیەکی لەم چەشنە دەبینین: "مین ڕێژ"، دەبێ زۆر بە ئەزموون بین کە بزانین مەبەست مینڕێژە!

### ٩,٣,٦. نیشانەی هێڵی لار (/)

ئەم نیشانەیە بە مەبەستی دەربڕینی ئالترناتیڤبوونی دوو وشە لە یەک کاتدا بەکار دێت. لە پاش و پێش هێڵی خوار بۆشایی دانادرێت. ئەم نیشانەیە زۆر جار لە کتێبەکاندا بەکار هاتووە، بەڵام دەتوانم بڵێم ژمارەی ئەو

جارانەی بە هەڵە دەکار هاتووە، زۆر زیاترە لەو جارانەی دروست دەکار هاتبێت. بۆ نموونە کاتێک لە لاپەڕەی ٢٥ی کتێبی پۆلی سێهەمی خوێندنەوەی کوردیدا دەبینین کە نووسراوە: "بەڕێز مامۆستا / دەکرێ [...]."، بۆمان دەردەکەوێت کە دەکارهێنانی بەم شێوەیەی نیشانەی هێڵی لار، بەپێچەوانەی پێناسە و کارکردی ئەم نیشانەیە. ئەم نیشانەیە لە شوێنی تریش، بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٣١ی هەمان کتێبدا، بەبێ پاساوی دروستی ڕێزمانی و خاڵبەندی دەکار هاتووە.

## ٧. گرنگیی شێلگیری لە ڕێنووسدا

یەک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی نووسین بە هەر زمانێک، بریتییە لە شێلگیربوون لە شێوازی نووسیندا. شێلگیری (consistency) بە تەنیا نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقیکی یەکدەست، بەڵکو یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ ناسینەوەی نیشانەکان و وێنەکانی زمانی لە زەینی خۆیدا. کاتێک پیتێک بە چەند جۆر دەنووسرێت، کاتێک کردارێک بە چەند جۆر گەردان دەکرێت، و کاتێک ڕێنووسی یەک وشە بە چەند جۆر دەردەکەوێت، زەینی خوێندکار دەکات بە هەڵگری چەندین وێنە لە شتێک کە لە جەوهەردا دەبوایە بە یەک شێوە بەرهەم هاتبوایە. ئەمە جگە لەوەی کە زەینی خوێندکار بە کۆمەڵێک زانیاری و وێنەی زیادە و بێکەڵک و ناپێویست داگیر دەکات و لە توانایی فێربوونی کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆکارێك بۆ دڕدۆنگی و دڵنیانەبوون لە خوێندنەوە و نووسیندا. لەبیرمان بێت خوێندکار لە سەرەتای فێربووندا، وشەکان وەک وێنە لە زەینی خۆیدا ڕادەگرێت، و گۆڕینی نیشانەکانی نووسین، دەبنە هۆکاری باوەڕ بە وێنەگەلی جیاواز و بەم پێیە ماناگەلی جیاواز. بۆیە بە باوەڕی من ئەگەر دەقەکان بە شێوەیەکی شێلگیرانە بە هەڵە بنووسرێن، کەمتر گرفتخوڵقێن دەبن. بەڵام ئەگەر هەر جارە و بە شێوەیەک بنووسرێن، ئەوە دەبنە هۆکاری سەرلێشێواندنی خوێندکار و کەمکردنەوەی توانایی فێربوونی. خوێندنەوەی کتێبەکانی فێرکردنی زمانی کوردیی خوێندنی بنەڕەتی، نیشان دەدەن کە لە نوسینیاندا هیچ جۆرە شێلگیرییەک ڕەچاو نەگیراوە. ئەم ناشێلگیرییە ئاستی جۆراجۆری ڕێنووسی، ڕێزمانی، و وشەیی هەیە. جاری وایە ئەم ناشێلگیرییە لایەنی تایبەتمەندیی زمانی بەخۆیەوە دەگرێت و نیشانی دەدات کە نووسەرانی دەقەکان، تایبەتمەندیی فۆنێتیکی زمانی کوردی فیدای زمانێکی تر دەکەن. بۆ نموونە کاتێک ئێمە وشەی "غۆرێلا" دەبینین، هەر زوو لە خۆمان دەپرسین، ئایا ئەمە هەمان گۆرێلا/گوریلا نییە کە لە زمانەکانی تری هیندوئورووپاییدا بە "گ" دەنووسرێت، و نووسەری دەقەکە لەژێر کارتێکەریی زمانی عەرەبیدا، "غ" لەجیاتی "گ" دادەنێت؟[47] لە لاپەڕەی ٦٣ی کتێبی وەرزی یەکەمی پۆلی یەکەمدا شیعرێک نووسراوە و قافیەی شیعرەکە "وو"یە. کەچی دەبینین نووسراوە:

"ئێک و دو

ڕابە زوو". سەرەڕای ئەوەی "دوو" وەک قافیە بۆ شیعرەکە گونجاووتریشە، نووسەرانی کتێبەکە لەجیاتی "دوو" نووسیویانە "دو". لە لاپەڕەی ٢٨ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا وەک زۆر شوێنی تر تەبایی کردار و ناو لەبەرچاو نەگیراوە. کە بکەر کۆ بێت دەبێ کرداریش کۆ بێت. "لە سەرەتای پێشکەوتنی زانستی ژیان ئەو بۆچوونانەی دەربارەی زیندەوەران هەبوو، بۆ چوونێکی سادە و ناتەواو بوو." کرداری "هەبوو" دەبێ هەبوون بێت و "بوو" دەبێ بوون بێت. سەرچاوەی زانستیی ئەم وانەیە دەبێ زمانی عەرەبی بووبێت، چوونکە بە میکرۆسکۆپ گوتراوە "میکرۆسکۆب". لە کاتێکدا دەنگی "پ" لە کوردیدا هەیە، چ پێویستە وەک زمانی عەرەبی "پ" بکەینە "ب"؟جاری وای جیاوازی زمانی نووسین و قسەکردن لەبەرچاو ناگیرێت. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم ڕستەیە کە بەتەواوی شێوازی ئاخافتنی پێوە دیارە و نووسەر هیچ هەوڵێکی نەداوە ڕێوشوێنەکانی زمانی نووسین ڕەچاو کات: "مامۆستای بەڕێز: خوێندکارێ هەڵبستێنە پرسیاری لێبکە، لەم باسەی خوێندمان چی فێربوویت؟"[48] لێرەدا جیاوازیی زمانی نووسین و ئاخافتن هەر لەبەرچاو نەگیراوە. ئەم زمانە بەتەواوی زمانی ئاخافتنە و لە نووسیندا دەبێ ڕێساکانی زمانی نووسین ڕەچاو بگیرێت. مامۆستای بەڕێز، خوێندکارێک هەڵبستێنە و پرسیاری لێبکە کە لەم باسە چی فێر بووە. یاخود "پرسیاری لێبکە، "لەم باسە چی فێر بوویت؟" دوالاپەڕەی کتێبی دووەمی خوێندنی بنەڕەتی، "پێرست"ە و "ر" ێکەی تەواو نییە و دەبێ "ڕ" بێت. و لاپەڕەکە پڕە لە ناشێلگیری لە ڕێنووسدا. بۆ نموونە لە پێرستدا نووسراوە "رێزگرتن لە کات" کە دەچی بۆ لاپەڕەی

دیاریکراو، واتا لاپەڕەی ٥٩، دەبینی نووسراوە "ڕێزگرتن لە کات". ئیتر مرۆڤ هەر ناهومێد دەبێ لە بێدیققەتیی دانەرانی کتێبەکە و بڕستی لێ دەبڕێت. ئەوە بۆ "راستگۆیی" و "ڕاستگۆیی" و "رەوشتی سەردان" و ڕەوشتی سەردان" و چەند وشەی تریش دووپات دەبێتەوە. "بە دەنگ ناوەکانیان دەرببڕە،".[49]ناکرێ زۆر بە سانایی بگوترێت "بیانخوێنەوە"؟ ئاخر ناو ئەگەر بە "دەنگ" دەرنەبڕدرێت، چۆن و بە چی دەردەبڕدرێت؟ "ئەم پیتانەی خوارەوە لێکبدە و وشەی لێدروست بکە:"[50]چونکە پیتەکان زۆرن و لە چەندین دێڕدا هاتوون، دەبێ لە جیاتی "وشە" بگوترێت "وشەیان" لێ دروست بکە. ئەمە سەبارەت "چالاکی"ی ٣ ش لە هەمان لاپەڕەدا دروستە. "جووجەڵەکان تووک نەرم و زەردن، بەدوای دایکە مریشک دەڕۆن و [...]".[51] دوای مریشک پاشگری "دا" پێویستە.

"جوانکاری شارو گەڕەک"[52] ئەمە ناونیشانی وانەیەکی کتێبەکەیە و زۆر درشت نووسراوە و وەک دەبینین دوو هەڵەی زەقی تێدایە؛ یای پێوەندی نییە و "و" پێوەندی بە "شار"ەوە لکێندراوە. دەقەکەش تژییە لە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی. لاپەڕەی ٤٦ کە باسی "گوند" دەکرێت، هەست دەکەی باسی گوند لە چەند دەیەی پێشتردا کراوە. لە بواری خاڵبەندییشەوە کە کێشەکە وەک خۆیەتی و هەڵە زەقەکان بەردەوام دووپات دەبنەوە. "ژیانی گوندان زۆر سادەو ساکار و خۆشە." "و"ی پێوەندیی لەم ڕستەیەدا و تەنیا بە مەودای یەک وشە، جاریک بە وشەی پێش خۆیەوە لکێندراوە و جارێکیش سەربەخۆیە.

لە کتێبی پۆلی سێهەمدا، بەشی "واتای وشەکان" هەمدیسان بە شێوازی کتێبەکانی پێشوو بەردەوامە و کێشەی شێلگیرنەبوون لە شێوازی نووسینیشدا هەر وەک خۆیەتی. لە لاپەڕەی ٨ی ئەم کتێبەدا، دوو وشە بەدوای یەکتردا دێن و دەبێ یەکجۆرە ڕێنووسیان هەبێت، بەڵام نییانە. "دۆزییەوە" و "دیتیەوە". لە کاتێکدا وشەی یەکەم دوو یای هەیە، وشەی دووهەم تەنیا یەک یای هەیە. هێندێکجار وەڵامی پرسیاری ڕاهێنانەکان لەسەر ناوەرۆکی دەقێک، لەناو دەقەکەدا نییە. پرسیاری ژمارە ٦ لەم چەشنەیە و داوای وەڵامێک لە خوێندکار دەکات کە لە دەقەکەدا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە.[53] کە شیعری شاعیرێک بڵاو دەکرێتەوە، ناساندنی شاعیرەکە، پەیڕەوی لە هیچ یاسایەک ناکات. بۆ نموونە هێندێکجار شاعیری شیعرە بڵاوکراوەکە، لە ژێرنووسێکدا دەناسێندرێت.[54] ئەوە شتێکە کە پێشتر لە هەمان کتێبدا نەکراوە. بۆ نموونە لە لە لاپەڕەی٦٢دا نەگوتراوە کە "قانع" کێیە و هەر بەمجۆرەش لە لاپەڕەی ٨٠دا نەگوتراوە "بێکەس" کێیە، کە چی لێرەدا باسی "محمد دارياس" دەکات و دەڵێت کێیە و بە چ زمانگەلێک بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. لە لاپەڕەی ٤٦ی کتێبی پۆلی چوارەمدا "وانەیەک بۆ منداڵان"ی عەبدوڵڵا پەشێو بە کۆمەڵێک هەڵەی ڕێنووسییەوە چاپ کراوە. لە داوێنی لاپەڕەکەدا ناوی پەشێو خراوەتە نێو ئەو نیشانەیەوە، < < >. مرۆڤ نازانێ بۆچی؟ هیچیش لەسەر پەشێو نەگوتراوە. لە کاتێکدا هێندێکجار لەسەر هێندێک شاعیری تر، یەک تا دوو دێڕ نووسراوە.

کاتێک یەک وشە لە یەک کتێبدا بە دوو جۆر دەنووسرێت، خوێندکاران لە دواڕۆژدا دەبنە دوو بەرەی ڕێنووس و هەر بەرەی لاسایی یەک لە ڕێنووسەکان دەکاتەوە. وێدەچێت، هەمودەمێ پێویستە جۆرێک لە دووبەرەکی لەنێو کورددا هەبێت. هەر لە یەکەمین کتێبی خوێندنەوەی کوردیدا ناشێلگیری لە نووسیندا دەست پێدەکات. لە لاپەڕە ٢ی یەکەمین کتێبی خوێندندا "ناوەڕۆک" نووسراوە و لە لاپەڕە ١٥٣ی هەمان کتێبدا "ناوەرۆک" نووسراوە. ناوی یەکەم کتێبەی خوێندنی دەورەی بنەڕەتی بریتییە لە: "خوێندنی کوردی". کەچی لە سەرەتای پاراگرافی دووهەمی لاپەڕە ٣ی هەمان کتێبدا، لە کاتی ئاماژە بە کتێبەکەدا، دەنووسرێت، "خوێندنی کوردیی". ئەم ڕەوتە لە کتێبەکانی تریشدا بە بەرفراوانی دەبیندرێت. بۆ نموونە، لە لاپەڕەکانی ٢٦ و ٤٥ی کتێبی پۆلی سێهەمدا، وشەی "پاییز" و "پایز" دەبینین و وەک خوێندکار نازانین دەبێ کامیان بنووسین و فێربین. لە لاپەڕەی ٥٦دا پەیڤی تووڕە بە دوو شێوەی جیاواز نووسراوە: "توڕە" و "تووڕە". پرسیار ئەوەیە لە تاقیکردنەوەی خوێندکاران لە نووسینی کوردیدا، دەبێ پێوەری ڕاست و هەڵە چی بێت؟ شێلگیری تەنانەت لە ڕاهێنانەکانیشدا نییە. هەر لەم کتێبە، لە لاپەڕەی ٣٠دا پرسیار کراوە کە ساڵ چەند وەرزە؛ دواتر لە لاپەڕەی ٤٦دا هەمان پرسیار دووپات دەبێتەوە و لە لاپەڕەی ٦٤یشدا تازە داوا دەکرێت کە ئەم وەرزانە ڕیز بکرێن.

شێلگیری تەنانەت لە ناوی کتێبەکانیشدا نییە. هەر لەسەرەتای بینینی کتێبی پۆلی "دوویەمەوە" مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت بۆ ناوی کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، "خوێندنی کوردی" بوو و ئەم کتێبە بووەتە "خوێندنەوەی کوردی"؟ ئایا ئەم کارە بە مەبەستێکی تایبەت کراوە؟ ئایا لە پشت ئەم ناوگۆڕینەدا جیاوازیی

مانایی کردارگەلی "خوێندن" و "خوێندنەوە" لەبارچاو گیراو؟ بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت مرۆڤ "خوێندن" وەک بارتەقای study دابنێت و "خوێندنەوە" لەهەمبەری Reading دابنێت. بەڵام ئایا دانەرانی ئەم کتێبانە لەو نێوگۆڕینەدا، جیاوازیی چەمکییانەی ئەم پەیڤانەیان لەبەرچاو بووە.

لە دەکارهێنانی پەیڤێکی یەکدەست لە هەموو کتێبەکاندا بۆ ڕاهێنانی خوێندکارانیش، شێلگیری لەئارادا نییە. بە واتایەکی تر، ئێمە تووشی پەیڤگەلی "راهێنان"، "ڕاهێنان"، "چالاکی" و "ئەرکی ماڵەوە" دێین. لە کاتێکدا لە کتێبی یەکەمی بنەڕەتیدا بەردەوام "چالاکی" دەکار هاتووە، لە کتێبی پۆلی دووەمدا هەم "ڕاهێنان" و هەمیش "چالاکی" دەکار هاتووە. لە لاپەڕەی ٩٣ی کتێبی پۆلی سێهەمیشدا، لە کاتێکدا دوای هەر دەرسێک پێشتر بەشی "ڕاهێنان" و "چالاکی" هەبوو، ئێستا بەشی "ئەرکی ماڵەوە"ش زیاد کراوە. پرس ئەمەیە ئایا ئەمانە کردەوەگەلی جیاوازان؟ ئەگەر سەیری لاپەڕەی ١٨ بکەین، دەبینین لە "ڕاهێنان"دا نووسراوە: "خوێندکاری خۆشەویست، ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:" هەر لە لاپەڕەی بەرامبەردا "چالاکی" بەکار هاتووە و گوتراوە: "قوتابی خۆشەویست، ئەم مرۆڤانە چ کارەن لە بۆشاییەکاندا بیانووسە :" وەک دەبینین، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو دوو "چالاکییەدا" نییە. وێناچێت "ئەرکی ماڵەوە"ش شتێک بێت جیاواز لە دوو ئەرکی "چالاکی" و "ڕاهێنان".

لە لاپەڕەی ٢٦ی کتێبی پۆلی سێیەمەی بنەڕەتیدا وانەیەک تەرخان کراوە بە "زانایەکی نەمر"، "کۆپەر نیکۆس". ئەم ناوە لەڕاستیدا ئاوا نییە و ڕاستییەکەی ئەوەیە: نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس. گرنگە خوێندکار هەر لە سەرەتاوە ناوی کەسانی ئاوا گرنگ لە مێژوودا بە دروستی فێر بێت. لە باسی کۆپەرنیکۆس و پرسی جووڵەی زەوی و خۆردا، جیاوازییەکی زۆر زەق و هەڵە لەنێوان لاپەڕەی ٢٦ و ٢٨دا هەیە. دەقی لەم چەشنە دەبێت بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراوەوە بنووسرێت. لە لاپەڕەی ٦٩ی پۆلی پێنجەمدا لە داوێنی لاپەڕەکەدا ژێرنووسێک ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەم دەقە لە "ئەنتەرنێت" وەرگیراوە. جارێ ئەمە بۆ "ئەنتەرنێت"ە و "ئینترنێت" نییە؟ دوایە "ئەنتەرنێت" چۆن وەک سەرچاوە وەرگیراوە؟ کام ماڵپەڕ و کەی؟ ئاماژەدان بە سەرچاوەی ئینترنێتی، ئەگەر هاوڕێ لەگەڵ ناونیشانی ماڵپەرەکە و کاتی سەرردانەکە نەبێت، وەک ئەوە وایە، بڵێیّ سەرچاوەی نووسینێکت "کتێب" بووە، بێئەوەی بڵێی کام کتێب و هی کێ و کەی؟ لە لاپەڕەی ٦١ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا هاتووە: "یۆنانییەکان لە کۆندا بە ( گریک ) ناسرابوون". ئەمە وەک زانیاریی هەڵەیە. گریک ناوی دانیشتوانی وڵاتی گریسە و ئێستاش هەر دەکار دێت. لە لاپەڕەی ٦٣شدا هاتووە کە گریک یانی یۆنان. ئەمەش هەڵەیە گریک یانی دانیشتووی یۆنان واتا یۆنانی. لاپەڕەی ٨٣ی کتێبی پۆلی پێنجەم وانەیەکە سەبارەت بە "کەرکوک". هەر لەم لاپەڕەیەدا کەرکوک بە دوو جوور نووسراوە: "کەرکوک" و "کەرکووک". "کەرکوک شارێکی دێرینی کوردستانە ، یەکێکە لە شارە پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان". بەڵام ئەمە وەک زانیاریی ڕاست نییە و کەرکوک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە. ڕەنگە مەبەستی نووسەر ئەوە بێت کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە. لە هێندێک شوێنی کتێبەکاندا، بۆ نموونە کتێبی پۆلی سێیەم، لاپەڕەی ٢٩، ئەو چالاکییانەی دەبێ مامۆستا بیانکات، نووسراون. دەکرێ ئەم کارە لە کتێبەکانی تایبەت بە مامۆستاکاندا ئەنجام بدرێت و لاپەڕەی کتێبی خوێندکاران پڕ نەکاتەوە.

لە سەرتاپای کتێبەکاندا ناشێلگیریی لە ڕێزمان و ڕێنووسدا ڕەوتێکی زاڵی نووسینە. ئەم ڕەوتە هەر لە سەرەتای کتێبی پۆلی چوارەمیشدا خۆی دەردەخات. هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا دەبینین کە "ر"ای سەرەتای وشە بە دوو جۆری جیاوازی "ڕ" و "ر" دەنووسرێت. لە لاپەڕەی ٣دا کاتێک پێشەکیی کتێبەکە ڕوو لە خوێنەرەوە دەکات، "ڕێگا"مان هەیە و "رێنووس" و"را"شمان هەیە. لە لاپەڕەی ٦ دا لە کاتێکدا لە دەقەکەدا "ڕابەر" هاتووە، لە "واتای وشەکان"دا "رابەر" نووسراوە. لە لاپەڕەی ١٠٠ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا، لە یەک لاپەڕەدا وشەی "ڕاپەرین" چەند جار دووپات بووەتەوە، بەڵام بە دوو ڕێنووسی جیاوازی "ڕاپەڕین" و "راپەڕین". لە لاپەڕەی٦ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا باس لەسەر پێناسەی ڕستەیە و لە دوو ڕستەی دوابەدوای یەکتردا وشەی "ڕستە" بە دوو جۆر نووسراوە. لە لاپەڕەی ٩١دا "پێرست"ی ئەم کتێبە تەنیا لاپەڕەیەکە و لاپەڕەی دووهەمی کە دەبێ نیوەی تری پێڕستەکەی تێدا بێت، فەرامۆش کراوە و سپییە. لە لە لاپەڕەی ٨٩ی کتێبی پۆلی سێهەمدا، لە کاتێکدا بەردەوام لە چالاکییەکانی پێشوودا نووسراوە "لە تێنووسەکەت" بنووسە و "دا"ی پاشکر لەبیر چووە، بۆ یەکەمجار لەجیاتی "تێنووس" "دەفتەر" دەکار هاتووە و پاشگری "دا"ش لەبیر نەچووە. بەڵام دانەرانی

کتێبەکان هەمدیسان دەچنەوە سەر ڕەوتی پێشوو و کەڵک لە "تێنووس" و ڕێنووسی هەڵە وەردەگرنەوە. لە لاپەڕەی ٥٥ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا دەنووسن: "ئەم ڕستانەی خوارەوە لە تێنووسەکەت بنووسەوە". هەر ئەو ڕستەیە لە لاپەڕەی دواتردا ئاوا نووسراوە: "وەڵامەکان لە تێنووسەکەت دا بنووسەوە". هەرچەند ڕستەی دووهەمیش لەبواری ڕێنووسەوە تەواو ڕاست نییە، بەڵام لە ڕستەی یەکەم ڕاستترە و پاشگری "دا" لەبیر نەکراوە. بەڵام ئەم پاشگرە دەبێ بە وشەی پێش خۆیەوە بلکێندرێت. لە لاپەڕەی ١٠٨ی هەمان کتێبدا وانەی "دەنکە گەنم" کە باس لە چاوچنۆکیی مێرولەیەکی ڕەش لەهەمبەر مێروولەیەکی سورباودا دەکات، لەگەڵ بۆچوونی گشتی سەبارەت ژیانی هاوکاریی و بە کۆمەڵی مێروولە یەک ناگرێتەوە. لەم وانەیەدا دەستەواژەی لە دڵی خۆیدا بە دوو جۆری هەڵەی وەک "لە دڵی خۆی" و "لە دڵی خۆی دا" نووسراوە. ئەمەش وەک زۆر شوێنی تر خوێندکار دەخاتە بەردەم دوو جۆرە ڕێنووس و بێگومان دەبێتە هۆکاری سەرلێشێواندن.

لە لاپەڕەی ٩٠ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا، ڕستەیەکی لەم چەشنە دەخوێنینەو: "سەربەستی و ئازادی واتای چی دەگەیەنێ؟" ئایا ئەمە دوو وشەی هاومانا نین؟ دەکارهێنانی دوو وشەی هاومانا لەدوای یەکتر تۆتۆلۆژییە (tautology). هەروەها، ئەگەر نیهاد کۆیە، ئەدی بۆ گوزارە تاکە؟ هەر بەمجۆرەش لە لاپەڕەی ٣١دا ئەم نیشانەیە دەبینین: "... هتد" . ئەمەش تۆتۆلۆجییە و هیچ پێویست ناکات نیشانەیەک و کورتکراوەی پەیڤێک کە هەردووک یەک ئامانج دەپێکن، بەدوای یەکتردا بێن.

جاری وایە ڕستەگەلێک دەبینی کە هەوڵی پێناسەکردنێکی ڕێزمانی یاخود زمانناسییانە دەدەن، بەڵام ڕستەکان هێندە لێڵن کە مرۆڤ ناتوانێت لە مەبەستی ڕستەکە تێبگات. نموونەیەکی سرنجڕاکێش دەتوانێن لەم ڕستەیەدا ببینین: "هەمیشە دوو پیتی بزوێن لە زمانی کوردی بە دوای یەک نایەن، واتە (بە تەنیشت یەکەوە نابین) وەک: (سێو، پیاو، یانە، یاری)."[55] سەرەتای ئەم ڕستەیە زۆر سەرنجڕاکێشە. مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە هەرگیز دوو پیتی بزوێن لە زمانی کوردیدا بە یەکەوە گۆ ناکرێن و بەمجۆرە دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن. سەیرەکەی ئەوەیە کە ئەو نموونانەی دراون ئەگەرچی بە ڕواڵەت دوو پیتی بزوین دوابەدوای یەکتر هاتوون، بەڵام لەڕاستیدا ئەو پەیتانە هەر دووکیان بزوێن نین. گرفت لێرەدا ئەوەیە کە "و ــ ی" لە ڕێنووسی ئاراميدا هەم بزوێنن و هەمیش نەبزوێن. ڕوونکردنەوەی ژمارە ٢ی ل. ١٨ لەم پێوەندییەدا لەجێگای خۆیدایە، بەڵام وادیارە نووسەری ئەم دێڕانە ئەم ڕونکردنەوەی لەبیر چووەتەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەبێ ئاماژە بە دیاردەیەکی ناشیاوی تر، واتا دیاردەی وشەگەلی ڕەسەنی کوردی، بکەم. لە کتێبەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێک وشەی جێنەکەوتوو لە زمانی کوردیدا دەبینین، بەدەر لەوەی بە چ ئامانجێکەوە دەکار هاتبن، ناتوانن لە خزمەت دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا بن. بۆ نموونە، بە بەردەوامی وشەگەلی وەک "پەڕتوک"، "پێنووس" و "تێنووس" لە کتێبەکاندا دەکار دێت. لەمێژە باسی ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی "پڕتوک" لەجیاتی کتێب لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێگیر بووە و ڕووناکبیران و نوسەرانی کورد بە دەگمەن وشەی لەم چەشنە بەکار دێنن. کەس نووسەرێک نابینێت بڵێت من "پەڕتوکێکی" تازەم نووسیوە. کەس ناڵێت دەچمە بازاڕی پەرتوک لە هەولێر. لە سەردانی هەر خوێندنگە و زانکۆیەکی کوردستان، مرۆڤ هەر زوو بۆی دەردەکەوێت کە هەم مامۆستا و هەمیش خوێندکار لەجیاتی "پەڕتوک" و "تێنووس"، کتێب و قەڵەم بەکار دێنن. "هەر لەم کتێبانەشدا ئەوە بە شێوەی ئاسایی کتێب و دەفتەرە کە دەکار دێت. بۆ نموونە. لە لاپەڕەی٣ی کتێبی پۆلی یەکەمدا هاتووە "خوێندنی کوردی سێ کتێب دەگرێتە خۆی." لە لاپەڕەی ١٥٢ی هەمان کتێبدا، نووسراوە "کتێبی ئاینی [ئایینی] زەردەشت". باشە ئەدی بۆ وشەی "پەڕتوک" فێری خوێندکار دەکرێت، لە کاتێکدا دانەرانی کتێبەکە، بۆخۆیان ئەم پەیڤە دەکار ناهێنن. "دۆستی نەزان بەڵای خوایە"، مامۆستا هەژار بەو کەسانە کە بە نێوی ڕەسەنایەتی، هەوڵی داتاشینی وشەی سەیر و سەمەرە دەدەن، دەڵێت: "چینێک منالی ریش سپی و پیری بە لانک و دەسرازە" کە بە نێوی "کوردایەتی تۆخ"ەوە زمانی "بەستەزمانی" کوردی لاوازتر و پەرەوازەتر و بێ خودانتر دەکەن.[56]

## ٨. گرنگیی پلاندارێژی و شێلگیری لە زاراوەدا

دابەشبوونی زمانی کوردی بە سەر سێ گرووپی سەرەکیی کرمانجیی سەروو، ناوەڕاست و خوارووا و

نەبوونی دەرفەتی سیاسیی لەچەشنی دەوڵەت – نەتەوە بۆ ستانداردکردنی ئەم زمانە، بووەتە هۆکاری کۆمەڵێک کێشەی سەرەکی لە کوردستان و پرسی پلان و سیاسەتی زمانی. دەرفەتی وەدەستهاتوو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بەملاوە، هەڵێکی بێوێنەی بۆ چارەسەریی پرسی زمانی کوردی ڕەخساندووە. بەداخەوە لەبەر بەرفراوانیی و ئەوپەڕسنووریی پرسی زمانی کوردی، هەرێمی کوردستان ناتوانێت وەڵامدەرەوەی هەموو کێشەگەلی زمانی لە ئاست کوردستانی گەورەدا بێت. بەڵام بێ هیچ گومانێک سیاسەتێکی فەرهەنگی و زمانیی شیاو لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەشێکی زۆر لەم کێشەیە چارەسەر بکات و یارمەتیدەرێکی گەورە بێت بۆ چارەسەریی لایەنەکانی تری ئەم کێشەیە لە بەشەکانی تری کوردستان و لە هەلومەرجەکانی تردا.[57]

نەخشەی زمانیی باشووری کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا بە سەر دوو زاراوەی سەرەکیی کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاستدا دابەش بووە. هەڵبەت، هەبوونی ئاخێوەرانی زاراوەکانی تریش لە هەرێمدا، نابێ وەپشت گوێ بخرێت، و دەبێ لەسەر بنەمای سیاسەتێکی زمانیی و فەرهەنگیی دیمۆکراتیکدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. چلۆنایەتیی ڕوانین و چارەسەریی پرسی دوو زاراوە سەرەکییەکەی کوردی لە باشووری کوردستاندا، دەتوانێت ڕەنگدانەوەی گرنگی پەروەردەیی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشی هەبێت.

لە کتێبەکانی خوێندنی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتیدا هەوڵێک دەبیندرێت بۆ لێک نزیککردنەوەی ئاخێوەرانی دوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و ناوەڕاست. لە کاتێکدا کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی لە هەنگاوی یەکەمدا بە کوردی ناوەڕاست نووسراون، لە چەند شوێنی ئەم کتێبانە چەند لاپەڕەیەکی زۆر کەم تەرخانی زاراوەی کرمانجیی سەروو کراوە. لە لاپەڕەکانی ١٥٠-١٥٢ کتێبی وەرزی یەکەمی پۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا، "فەرهەنگۆک"ێک داندراوە. لەم فەرهەنگۆکەدا بارتەقای وشەکان بە زاراوە جیاوازەکان نووسراون و لە پێش هەر وشەیەکدا کەوانەیەک کراوەتەوە و تێیدا زاراوەی وشەکان دەسنیشان کراوە: کرمانجی ژووروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو و گۆران. پرس ئەوەیە، ئایا لەم ئاستە سەرەتاییەی خوێندندا، پێویستە ئاماژە بەو هەموو زاراوەیە بکرێت؟ هەڵبەت لە پێڕستی کتێبەکەدا (لاپەڕەی ١٥٤) نووسراوە: "فەرهەنگۆک بۆ مامۆستا"، بەڵام لە لاپەڕەی تایبەت بە فەرهەنگۆکەدا، تەنیا نووسراوە "فەرهەنگۆک". بەڵام هەر لە کتێبی پۆلی سێهەمەوە، دوای هەر وانەیەک هەوڵدراوە لە بەشی "لێکدانەوەی وشەکان"دا بارتەقای وشەگەلی کرمانجیی ناوەڕاست لە کرمانجیی سەرووشدا فێری خوێندکار بکرێت. ئەگەرچی مرۆڤ دەتوانێ لە نییەتپاکیی دانەرانی کتێبەکان تێبگات، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە بواری پەروەردەیی و زمانییەوە ئەم هەوڵە زۆر نەزۆکە و ناتوانێ دەرەنجامێکی سەرکەوتووانەی لێ بکەوێتەوە. لاپەڕەی ٤ی کتێبی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی، سەرەتای نەریتێکی نوێ لەژێر ناوی "واتای وشەکان:" دەست پێدەکات و لە کتێبەکانی داهاتووشدا دوای هەر وانەیەک دووپات دەبێتەوە. مرۆڤ هەر زوو هەست دەکات ئەمە هەوڵێکە بۆ واتا و ماناکردنەوەی وشەکانی کرمانجیی ناوەڕاست بە کرمانجیی ژووروو. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ئەو شتە نییە کە بە شێلگیری بەردەوام بێت. جاری وایە وشەکان بارتەقای کرمانجییان بۆ دادەندرێت و جاری واش هەیە کە بەرامبەرێکی کرمانجیی ناوەڕاست یاخود سۆرانی بۆ واتەی وشەکە نووسراوە. ئەمە لەڕاستیدا گرفتخوڵقێنە. لە باسی "واتای وشەکان"دا دەبێ بگوترێت کە دوو لاکێشی/هاوکێشی "وشە" و "واتا" لە جێی خۆیدا نییە. ئەوانە واتا نین، بەڵکوو وشەی هاومانان (synonym ). هێندێکجار شێوازی گەردانکراوی کردارێک وەک وشە لە لیستەکاندا داندراوە. ئەمە کارێکی شیاو نییە، چونکە لە فەرهەنگی وشەدا مرۆڤ ناتوانێ شێوازی گەردانکراوی کردار وەک وشە بدۆزێتەوە، بەڵکوو دەبێ لەجیاتی شێوازی گەردانکراو لە شێوازی چاوگ کەڵک وەرگیرێت. بۆ نموونە، "ڕامەکە" وەک وشە داندراوە و "واتا"کەشی بووەتە "هەڵمەیێ".[58] بێگومان ئەمانە شێوازی گەردانکراوی نەرێنیی"ڕاکردن"ن لە زەمەنی ڕانەبەردوودا بۆ دووهەم کەسی تاک. گرفتێکی تری "واتای وشەکان" ئەوەیە کە هێندێکجار بەرامبەرەکان هی دوو زاراوەی کرمانجیی سەروو و ناوەڕاستن و ئەوەش، سەرەڕای نییەتی باشی دانەرانی ئەم کتێبانە، ناتوانێت لەجێی خۆیدا بێت. لەڕاستیدا فێربوونی وشە لە دەرەوەی بەستێنی زمانی و زاراوەیی خۆیدا شتێکی زەحمەتە و خوێندکار بەبێ شارەزایی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زاراوەیەک ناتوانێ بە فێربوونی چەند وشەی ئەو زاراوەیە، ببێت بە ئاخێوەرێکی باشی زاراوەکە.

هەندێک جاریش لە کۆتایی دەرسەکاندا "لێکدانەوەی وشەکان" دەکار هاتووە. بەڵام ئەم سەردێڕەش لەجێی خۆیدا نییە، چوونکە ئەوەی زۆربەی جاران دەبیندرێت هەمدیسان بارتەقای وشەکانە لە زاراوەی کرمانجیی

سەروودا. لێکدانەوە، لەڕاستیدا، شرۆڤەیە، نەک دانانی بەرامبەرێک بۆ وشەکە بە زاراوەیەکی تر. هەڵبەت لەم بوارەشدا، هەر وەک ڕێنووسی کتێبەکان، هیچ شێلگیرییەکی زمانی و زاراوەیی لەبەرچاو نەگیراوە. بۆ نموونە، "گوێ" و "گوە". دوو وشەن لە دوو زاراوەی جیاوازدا، بەڵام "هێمنی" و "لەسەرخۆ" دوو هاومانان لە چوارچێوەی زاراوەیەکدا.

لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا (لل.٣٢-٣٣) بۆ یەکمجار دەقێک بەتەواوی بە زاراوەی کرمانجی نووسراوە. لەم دەقەدا، "سەیرانەک ل کوردستانێ"، هەستێکی نەتەوەیی دەبیندرێت بۆ یەکدەستکردنی زاراوەکان و بوون بە خاوەنی یەک زمان. بەڵام پرس ئەوەیە ئایا ئەم شێوازە لە تێکەڵکردنی زاراوەکان شێوازێکی سەرکەوتوانەیە؟ مایکل شایەت، زمانزانی ئامریکایی و پسپۆڕێکی بێوێنەی زمانی کوردی، باس لەوە دەکات، تەنیا ڕێگای لێکنزیککردنەوەی زاراوە کوردییەکان بریتییە لە شارەزاکردنی ئاخێوەرانی زاراوەیەک بە زاراوەکەی تر. بە باوەڕی شایەت لەو ناوچانەی کە زۆرینەی ئاخێوەرەکانی، سەر بە کرمانجیی ناوەڕاستن، دەبێ خوێندن بەم زاراوەیە بێت. لە هەمانکاتدا، بۆ ئەوەی خوێندکاران لەگەڵ زاراوەکەی تردا شارەزا بن، دەبێت دەرسێک بەو زاراوەش هەبێت. هەر بەمجۆرەش دەبێ لەو ناوچانەی زۆرینەی ئاخێوەرەکانی سەر بە زاراوەی کرمانجیی سەروون، دەبێ خوێندن بەم زاراوەیە بێت و دەرسێکیش بە زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاست پێشکەش بکرێت. بەم جۆرە، وێڕای ئەوەی کە خوێندکارانی زاراوەیەکی دیاریکراو بەباشی فێری زاراوەی خۆیان دەبن، لە دەرسێکی تایبەتدا هەتا ئاستی تێگەیشتن و توانایی پێوەندیی چالاکانەی دوولایەنە بە زاراوەکەی تر، دەچنە پێش.[59] دیاریکردنی کات بۆ ئەم دەرسە و چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنەکەی، دەبێ لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی دروستدا بێت و بە هیچ شێوەیەک پەلەی تێدا نەکرێت. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، پرسی زاراوەکان پرسێکی نەک تەنیا زمانی، بەڵکو فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیشە. ئەزموونی دووورودرێژی پێوەندیی دوولایەنەی ئاخێوەرانی سۆرانی و کرمانجی لە کوردستان نیشان دەدات کە زۆر کەمن ئەو کەسانەی بتوانن بە هەر دوو زاراوەکە بەباشی قسە بکەن و بنووسن. دارێژەرانی پلانی خوێندن لە کوردستان دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئایا دەیانهەوێت هەموو دانیشتوانی کوردستان بە یەک زاراوە قسە بکەن؟ ئایا بەڕاستی ئەو کتێبانەی دەورەی خوێندنی بنەڕەتی ئێستا، لە دهۆک و زاخۆ دەخوێندرێن؟ ئایا خوێندکاران، دوای تەواوکردنی ئەو کتێبانە، دەتوانن وەک ئاخێوەرێکی دانیشتووی سلێمانی کە بە سۆرانی دەئاخێوێت، قسە بکەن و بنووسن؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی نییە، دەبێ بیر لە سراتێژییەکی تری خوێندن بە زمانی کوردی و کتێبە دەرسییەکان بکرێتەوە. بە باوەڕی من بۆچوونی مایکل شایەت لەم پێوەندییەدا بۆچوونێکی گرنگ و ڕێنوێنە.

## ٩. ئەنجام

خوێندنەوەی وردی کتێبەکانی فێرکردنی کوردی لە دەورەی خوێندنی بنەڕەتیدا نیشان دەدات کە ئەم کتێبانە هەڵگری کۆمەڵێک کەموکورتیی بنەڕەتین و ناکرێ مرۆڤ چاوەڕوان بێت ئەم کتێبانە لە پەروەردەکردنی جیلێکی خوێندەواری وردبیندا سەرکەوتوو بن. گلەیی زۆر لە هەڵەنووسیی و جیاوازیی نۆرمی نووسین لەنێوان نووسەرانی کورددا تەنیا دەتوانێت بە دەستەبەرکردنی ستانداردێکی نووسین لە دەورەی بنەڕەتیدا ڕیشەکێش بکرێت. بەداخەوە فەوزای بەرفراوان و هەمەلایەنەی نووسین لەو کتێبانەدا تەنیا دەتوانێت لە خزمەت قووڵکردنەوەی کێشەی نووسین لە کوردستاندا بێت و زیاتر لە هەموو کاتێ لە ڕێنووسێکی ستاندارد دوورمان بخاتەوە. کەموکورتییەکانی ئەم کتێبانە دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکرێن:

١. نەبوونی ڕێنووسێکی یەکدەست و شێلگیر زۆر بە زەقی لەم کتێبانەدا خۆی نیشان دەدات. بە جۆرێکی کە هەندێ جار لە لاپەڕەیەکدا چەند شێوە ڕێنووس دەبیندرێت. ئەمە کارتێکەرییەکی یەکجار کوشندەی لەسەر دیقەتی زمانی و زانستیی خوێندکاران دەبێت و هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، لە دید و بۆچوونێکی هاوبەش لەسەر شێوازی نووسینی کوردی، بێبەشیان دەکات.

٢. لە بواری ڕێزمانییشدا کەمتەرخەمیی زۆر لە دەقەکاندا دەبیندرێت. شێوازی نووسین لەو کتێبانەدا زۆر دوورە لە شێوازێکی پەروەردەیی و هاندەر بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نوێی ئافرێنەر.

٣. جۆرێک لە پاشاگەردانی لە نووسینی دەقی کتێبەکاندا دەبیندرێت کە مرۆڤ هەست دەکات هیچ جۆرە هاودەنگییەک لەنێوان دانەرانی ئەم کتێبانە لەئارادا نییە.
٤. ئاستی زانستیی و فاکتایی دەقەکان زۆر جاران دەکرێت بە ساکاریی بخرێتە ژێر پرسیار. نووسینی دەقی زانستی بە زمانی سادە کارێکی یەکجار زەحمەتە و بەرێوەبەرانی پەروەردە دەبێ لە هەڵبژاردنی نووسەری ئەم جۆرە دەقانەدا ئەوپەڕی وردبینیی زانستی و پەروەردەیی ڕەچاو بکەن.
٥. ڕێگای زاڵبوون بەسەر بەربەستەکانی تێگەیشتن لە دەقێکی نووسراو، شتێک نییە جگە لە خاڵبەندییەکی دروست. ئەگەر نیشانەکانی خاڵبەندی بە دروستی دەکار نەیەن، ئەوە تێگەیشتن لە دەق دەتوانێت ببێت بە کردەیەکی ئەستەم. لەو کتێبانەدا خاڵبەندی، وەک یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نووسین، زۆر بە سانایی پشت گوێ خراوە و مرۆڤ بە دەگمەن دەتوانێت ڕێچکەیەکی تۆکمە لە خاڵبەندی بەدی بکات. بۆشایی پێش و دوای وشە و ئەندازەی بۆشایی نێوان وشە و ڕستەکان، پەیڕەوی لە هێچ یاسایەکی نووسین ناکات. نیشانەکانی خاڵبەندی، بە شێوەیەکی مەزاجی دەکار هاتوون و مرۆڤ هەست ناکات لەپشت دەکارهێنانی نیشانەکانی نووسیندا هیچ چەشنە یاسا و ڕێسایەک ڕەچاو گیرابێت.
٦. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا بە ئامانجی دەستنیشانکردنی هەڵە سەرەکییەکانی ڕێنووسی و ڕێزمانی، ئەنجام دراوە. نابێ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک هەڵەچنیی کتێبەکانی خوێندنی کوردی سەیر بکردرێت. لەڕاستیدا ژمارەی هەڵەکانی هەر شەش کتێبی قۆناغی بنەڕەتی ئەوەندە زۆرن کە دەستنیشانکردنی هەموویان نە ئەرکی ئەم نووسینەیە و نە لێرەدا جێگایان دەبێتەوە. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی هەڵە سەرەکییەکانی ڕێزمانی و ڕێنووسی.
٧. لایەنی کارتێکەریی ئەم کتێبانە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و جێندەریی خوێندکارانی کوردستان دەبێ بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بێت.

## ١٠. پێشنیاز بۆ چارەسەری

لەسەر بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی ڕێنووسی و ڕێزمانیی کتێبەکانی خوێندن/خوێندنەوەی کوردیی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە خوێندنگەکانی باشووری کوردستان، ئەم تێبینی و پێشنیازانە ئاراستەی لایەنی پێوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێن:
١. بەر لە هەر شتێک دەبێ باوەڕ بە پرەنسیبی بێهەڵەیی لە کتێبگەلی خوێندنی دەورەی بنەڕەتیدا بێنین. بە واتایەکی تر، لەبەر گرنگیی ئەو دەورەیە لە دارشتنی کەسایەتیی خوێندکاراندا، دەبێ باوەڕمان بە ڕەوابوونی تەنانەت یەک هەڵەش لەو کتێبانەدا نەبێت (zero tolerance). بە بینینی ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەمە چاوەڕوانییەکی ناموومکین و ناواقعی نییە.
٢. خوێندنەوەی وردی کتێبەکانی "خوێندنی کوردی"ی دەورەی بنەڕەتی، نیشان دەدات کە بەداخەوە هیچ ستانداردێک لە نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبانەدا ڕەچاو نەگیراوە. بەدەر لە هەر پاساوێک لەمەڕ ئەو هەڵە زۆر و زەبەلاحانە لە ناوەڕۆک و شێوازی ئەم کتێبانەدا، مرۆڤ دەتوانێت لە کارتێکەریی ئەم کتێبانە لەسەر کەسایەتیی ئاڵۆز و بێدیققەتی جیلێکی بەرچاوی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی و لەژێر سێبەری بەرێوەبەریی خۆیدا، تەواو نیگەران بێت.
٣. هەموو ئەو کەسانەی لە بەشی بەرێوەبەرایەتیی کتێبە دەرسییەکاندا کار دەکەن دەبێ بەردەوام وەبیر خۆیان بێننەوە کە چ ئەرکێکی مێژوویی و گرنگیان لەسەر شانە. ئەم کەسانە بە دوور لە هەموو ڕوانگە و بۆچوونی زمانەوانی و ڕێزمانی، دەبێ لەسەر شێوازێکی هاوبەشی زمانی و پەروەردەیی کۆک بن. ئەم ڕێکخراوەیە وەک دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، نابێت بە هێچ شێوەیەک ئیزن بە دەرکەوتنی ئاڵۆزیی و ناکۆکیی ڕێزمانی و ڕێنووسیی خۆیان لە کتێبە دەرسییەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا بدەن. ڕەنگە ئەم بوارە تەنیا بوارێک بێت کە تێیدا دیاردەی دیمۆکراسی بێواتایە و ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت تەنیا و تەنیا دەقی بێهەڵە و لە هەموو بوارێکەوە تێر و تەسەلە.
٤. بەرێوەبەر یان بەرێوەبەرانی ئەم دەزگایە دەبێ لە هاوفکری و پسپۆڕیی هەموو ئەندامانی دەزگاکەیان تەواو

دڵنیا بن. ئەندامانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەر لە نووسینی کتێبەکان، دەبێ لە ئاکامی کۆمەڵێک سێمینار و وۆرکشۆپدا دڵنیا بن کە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان لە گرنگیی و کارکردی کتێبگەلی دەرسی هەیە و لەسەر یەک شێوازی ڕێنووسی و ڕێزمانی و پەروەردەیی، تەواو ساغ بوونەتەوە.

٥. کتێبگەلی ئێستای دەورەی خوێندنی بنەڕەتی، پێویستییان بە پێداچوونەوەیەکی ڕادیکاڵ هەیە. بەڕێوەبەرایەتیی کتێبە دەرسییەکان دەتوانن بۆ ئێدیتی کتێبەکانیان لە دوایین قۆناغی بەر لە چاپ و بڵاوبوونەوە، پشت بە ئەو نووسەر و لێکۆڵەرەوە کوردانە ببستن کە لە بواری نووسینی کوردییەوە خاوەنی توانایی و ئەزموونی پێویستن. لەبەر تایبەتمەندییەکانی ئەلفبێی کوردی و نەبوونی بەرنامەی هەڵەگری کامپیوتەری بۆ زمانی کوردی، دەبێ پێداچوونەوەی دەقە نووسراوەکان وەک بەرپرسیارییەکی گرووپی سەیر بکردرێت و دوا نوسخەی کتێبەکان، بەر لە چاپ، بە شێوەی سلاید نیشان بدرێت و ئەندامانی لێژنەی پێداچوونەوە و هەڵەگر بە تێگرایی لەسەر ڕێنووس و ڕێزمانی دەقەکان ساغ بنەوە و ئیمکانی هەبوونی هەر جۆرە هەڵەیەک، هەرچەند بچووکیش، لە دەقەکاندا نەهێڵنەوە.

٦. لایەنی نانسنامەسازیی ئەو کتێبانە و ئامانجی پەروەردەکردنی مرۆڤی نەتەوەیی، دێموکرات و وڵاتپارێز و ڕەخنەگر و زانستی، دەبێ وەک باسێکی سەربەخۆی تر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و هەموو ئەزموونەکانی ناوخۆ و ناوچەیی و جیهانی بۆ بەرهەمهێنانی دەقگەلی ئەوتۆ، لەبەرچاو بگیرێن.

٦. ناوەندەکانی بەرپرس لە زمانی کوردی دەبێ بە شێوەیەکی جیددی بیر لە بەرهەمهێنانی کتێبێکی سەرچاوە (reference) بۆ دارشتنی نۆرمەکانی نووسین بکەنەوە. بۆ لایەنی خاڵبەندی، دەکرێت مرۆڤ پشت بە یاساکانی خاڵبەندی لە ئاستی نێونەتەوەییدا ببەستێت. وەرگێرانی هێندێک سەرچاوەی باوەڕپێکراوی جیهانی، دەتوانێ خزمەتێکی گەورە بێت بۆ ئەم مەبەستە. تایبەتمەندییەکانی ڕێنووسی کوردی دەبێ لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕی زمانییەوە ئامادە بکرێن و کتێبگەلی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی دەبێ لەسەر بنەمای کتێبێکی لەم چەشنە بنووسرێنەوە. لەڕاستیدا، لە ساڵانی ڕابردوودا چەند هەوڵی گرنگ بۆ نووسینەوەی یاساکانی خاڵبەندی بە زمانی کوردی، دراون. بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگەی کوردی و پرسی زاراوەکان، باشتر وایە هەوڵێکی سەرانسەری لە باشووری کوردستان بدرێت و بە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی پسپۆڕانی کورد بۆ دانانی کتێبێک لەسەر یاساکانی خاڵبەندی و نووسین بە کوردی، ئاسۆی ڕێنووسێکی یەکگرتوو، ڕوونتر بکرێت. قۆناغی دوای بەرهەمهێنانی کتێبێکی لەم چەشنە، ئەوەیە کە وەزارەتی پەروەردە و هەموو دامودەزگا حکومییەکان نووسراوەکانیان بەپێی ئەم یاسایانە ئاراستە بکەن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێ لە هەموو چالاکییەکانی خۆیاندا ئەم بڕیارانە ڕەچاو کەن.[60]

٧. لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە، خوێندنەوەی ورد و ڕەخنەییانەی کتێبە دەرسییەکان، دەبێ لە سەر هەموو کتێبەکان و لە هەموو قۆناغەکانی تری خوێندن لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت.

٨. پرسی چلۆنایەتیی پەروەردە لە بواری زاراوەکاندا، دەبێ زۆر بە تێبینی و لێوردبوونەوەیەکی هەمەلایەنە، بەڕێوە بچێت و لە دارشتنی کتێبە دەرسییەکاندا دەبێ تایبەتمەندیی زاراوەیی ناوچەکانی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت.

# پەراوێز و ژێدەر

[1] تایبەتمەندییەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی، چیرۆکی تایبەتیی خۆی هەیە و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم وتارەیە.

[2] بۆ باسێک لەسەر کێشەی "هەڵە" و "ڕاست" لە ڕێنووسی کوردیدا، بڕوانە: ئەحمەدزادە، هاشم، "کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە؟"، زمان، ئەدەب و ناسنامە، ستۆکهۆلم: کتێبی ئەرزان، ٢٠١١، لل. ٣١٩-٣٠٤.

[3] Språkrådet, *Svenska Skrivregler*, Tredje Gåvan, Institutet för språk och folkminnen, Språkrådet, 2008, Liber.

[4] Straus, Jane, *The Blue Book of Grammar and Punctuation: An Easy-to-Use Guide with Clear Rules, Real World Examples, and Reproducible Quizzes*, Tenth Edition, Jossey-Bass, San Francisco, 2008.

[5] یەک لە باسە سەرەکییەکانی گرنگیی نووسین بە سەر ئاخافتندا، لە بەرهەمەکانی ژاک دێریدادا دەبیندرێت. بۆ باسێکی تێروتەسەل لەمبارەوە بڕوانە کۆمەڵە وتارێکی دێریدا لەو بەرهەمەی خوارەوە:

Derrida, Jaques, *Writing and Difference*, trans. Alan Bass, Chicago: The University of Chicago, 1978.

[6] Språkrådet, *Svenska Skrivregler*, Tredje Gåvan, Institutet för språk och folkminnen, Språkrådet, 2008, Liber, p. 177-178.

[7] Straus, Jane, *The Blue Book of Grammar and Punctuation, Op. Cit.*

[8] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل.٢٦. تیراژی ئەم کتێبە ١١٤٠٠٠ نوسخەیە و مرۆڤ بیر لە ئەو ژمارە زۆرە خوێندکارە دەکاتەوە کە هەر لەسەرەتای خوێندنەوە ڕووبەڕووی ئەو هەموو کێشەی ڕێنووسی و زمانییە دەبنەوە.

[9] س. پ.، ل. ٦١.

[10] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، لل. ١٦-١٧.

[11] س. پ.، ل. ١٩.

[12] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٥٨.

[13] س. پ.، ل. ٣٦. تیراژی ئەم کتێبە ٥٢٦٦٠ دانەیە. بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکانی دووەم و سێهەم تا ئاستی نیوە، کەمی کردووە.

[14] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠٢٥، ل. ٩.

[15] س. پ.، ل. ١١٣.

[16] س. پ.، ل. ١٠٥.

[17] س. پ.، ل. ٦٦.

[18] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ١٩.

[19] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٦.

[20] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٤١.

[21] Språkrådet, *Svenska Skrivregler*, *Op. Cit.*, pp. 177-178.

[22] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، لل. ٤٠-٤١.

[23] س. پ.، ل. ٥٣.

[24] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٩٢.

[25] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٤٢.

[26] Aldus Manutius.

[27] دەکارهێنان یان نەهێنانی دوایین کامای ئەم ڕستەیە، واتا کامای دوای "برازاکەم"، جێگای مشتومڕی زمانزانانە. ئەگەر کامای دوای "کوڕ" دانەنێین، وەسیەتەکە ئاوا لێکدەدرێتەوە کە "کوڕ"ەکە و "برازا/خوارزا"کە، بە هەر دووکیان یەک لەسەر سێی ماڵەکەیان پێدەگات. بە واتایەکی تر ماڵەکە لەجیاتی ئەوەی لەنێوان چوار لایەندا دابەش کرێت لەنێوان

سێ لایەندا دابەش دەکرێت. لەم بارەوە، بڕوانە:

Straus, Jane, *The Blue Book of Grammar and Punctuation, Op. Cit.*, p. 53.

Example: My $10 million estate is to be split among my husband, daughter, son, and nephew. Omitting the comma after son would indicate that the son and nephew would have to split one-third of the estate.

[28] بۆ پێناسەیەکی کورت، بەڵام چڕی کۆما، بڕوانە:http://blog.dictionary.com/comma/ ، بینراو لە ١٤-٦-٢٠١٦.

[29] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٥٩.

[30] س. پ.، ل. ٣٠.

[31] س. پ.، ل. ل. ٣٤.

[32] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٦٦.

[33] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٨٨.

[34] س. پ.، ل. ٤.

[35] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠٢٥، ل. ٥٣.

[36] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٢٠.

[37] س. پ.، ل. ٥.

[38] کێشەی پشتگوێخستنی پێوەندیی نێوان کردار و بکەری کۆ، لە زۆر شوێنی کتێبەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە، لە لاپەڕەی ٩١ی کتێبی پۆلی پێنجەمدا هاتووە: "ئەو کاتە خۆشانە چۆن لەبیر دەچێتەوە؟" ئاشکرایە چونکە "کاتە خۆشەکان" کۆیە، دەبێ کردارەکەش، واتا "دەچێتەوە"، ببێتە "دەچنەوە".

[39] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٩.

[40] س. پ.، ل. ٣٦.

[41] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠٢٥، ل. ١١٥.

[42] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٨٢.

[43] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٥٤.

[44] لێژنەیەک لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی دووەم، چاپی دووەم، ٢٠١٥، ل. ٣١.

[45] س. پ.، ل. ٦٠.

[46] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٣٨.

[47] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٦٣.

[48] س. پ.، ل. ٥٨.

[49] س. پ.، ل. ٤.

[50] س. پ.، ل. ١٥.

[51] س. پ.، ل. ٦٦.

[52] س. پ.، ل. ٥٠.

[53] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل.٦١.

[54] س. پ.، ل. ٦٤.

[55] لێژنە١یەک لە وەزارەتی پەروەردە، ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ١٨.

[56] شەرەفکەندی، عەبدولرەحمان (هەژار)، هەمبانە بۆرینە (فرهنگ کردی-فارسی)، انتشارات سروش، تهران، ١٣٦٩، ل. ١٨.

[57] بۆ باسێکی کورت لەسەر پرسی سیاسەتی زمانی و زاراوە کوردییەکان، بڕوانە:
ئەحمەدزادە، هاشم، "هەڵوێستی ٥٣ نەفەر و چارەنووسی زمانی نەتەوەیەک"، زمان، ئەدەب و ناسنامە، ستۆکهۆلم:

کتێبی ئەرزان، ٢٠١١، ل. ١٧٧-١٧٤.

[58] لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی بنەڕەتی، چاپی هەشتەم، ٢٠١٥، ل. ٦٦.

[59] بۆ زانیاریی زیاتر لەگەڵ بۆچوونی مایکڵ شایەت لەمەڕ پرسی خوێندن بە زاراوە کوردییەکان، بڕوانە:

https://zivmagazine.com/2016/06/15/meet-the-american-polyglot-who-is-in-love-with-kurdish/, viewed on 23 July 2016.

[60] بۆ هەوڵێکی تاکەکەسی، بەڵام گرنگ، بڕوانە:

http://www.yageyziman.com/renus.htm

لەنێو ئەو کارانەی کە لەم پێوەندییەدا کراون و لەسەر ئینترنێت وەدەست دەکەون، دەتوانین ئاماژە بەم بەرهەمانە بکەین:

1. پتر لە ٤٠ خاڵ کە زیاترین هەڵەی ڕێنووسییان تێدا دەکرێت
٢. ڕێنووسی زمانی کوردی، زانستپەروەرانی کورد، یاگەی زمانی کوردی، فێرگەی زمانی کوردی
٣. ڕێنووسی یەگرتووی زمانی کوردی، بەدران حەبیب، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٠٤
٤. هەوڵۆچکەیەکی تری، بەرەو ڕاستە ڕێیەکی ڕێنووسی زمانەکەمان، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٠
٥. کێشەی نووسینی بزوێنی (آ) لە زمانی کوردیدا، دیاکۆ هاشمی
٦. کێشەی ڕێنووسی هەمزە، دیاکۆ هاشمی
٧. ڕێنووس بە ڤیدیۆ